تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5918) یەک شەممە 26ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری بەرگریی عێراق دەکات

پێویستە کارکردن لەسەر بابەتە گرنگ و ستراتیژییەکانی عێراق بە پێی تەوافوقی نیشتیمانی بێت



دوێنێ شەممە 2020/1/25 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە نەجاح ئەلشەمەری وەزیری بەرگریی عێراق کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و دوا پێشهاتەکانی عێراق تاوتوێ کرا. هەروەها هەردوولا نیگەرانییەکانی خۆیان لە سەرهەڵدانەوە و بەهێزبوونەوەی تیرۆر خستەڕوو و بە پێویستیشیان زانی تێپەڕاندن و کارکردن لەسەر بابەتە گرنگ و ستراتیژییەکانی عێراق بە پێی تەوافوقی نیشتیمانی بێت.

گەلی عێراق جارێکی تر قبووڵ ناکات دۆخەکە بگەڕێتەوە پێش یەکی ئۆکتۆبەر



لە بەردەوامیی چالاکییەکانیدا لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس، ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 2020/1/23 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشداری لە دانیشتنێکدا بە ناونیشانی «ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی ناسەقامگیر» کرد کە تیایدا خاتوو جێنین پلاسخارت، نوێنەری سکرێتری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، بەڕێزان د. فوئاد حسێن جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ئابووریی عێراق و عادل ئەلجوبەیر، وەزیری کاروباری دەرەوەی عەرەبستانی سعوودیە بەشدار بوون.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سکرتێری گشتیی یوونئین کۆبووەوە

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ستایشی ئەرک و ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە عێراق کرد و داوای کرد لە پرۆسەی سیاسی و هێورکردنەوەی دۆخەکە لە یارمەتیدانی عێراق بەردەوام بێت، جەختیشی لە پێویستیی بەردەوامیی ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش لە عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر کردەوە، هەروەها پشتگیریی هەرێمی کوردستانی بۆ داواکاریی ڕەوای خۆپیشاندەرانی عێراق لە خزمەتگوزاری و ژیان و ئایندەیەکی باشتر، دەربڕی.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە باکووری کوردستان ڕوویداو دەیان قوربانیی لێکەوتەوە



شەوی هەینی زەمینلەرزەیەکی بەهێز بە گوڕی 6.8 پلەی ڕیختەر، زۆربەی ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانی هەژاند. بە هۆی زەمینلەرزەکەش کە بە قوڵایی 10کیلۆمەتر لە سەنتەری ناوچەی خوخێی سەربە پارێزگای خارپێت ڕوویداوە، کارەبا و هێڵی ئینتەرنێت و تەلەفۆن لە زۆربەی ناوچەکانی باکووری کوردستان وەستا. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوسۆزیی خۆی بۆ کەسوکاری قوربانیانی بوومەلەرزەی «خارپێت» دەربڕی

ئێوارەی دوێنێ شەممە 2020/1/25 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کورستان و مەولود چاووشئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان ئەنجامدا.
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزیری دەرەوەی تورکیاوە هاوسۆزیی خۆی بۆ کەسوکاری قوربانیانی بوومەلەرزەی شاری ئەلئەزیز "خارپێت" و دەوروبەری دەربڕی و، هیوای چاکبوونەوەی خێرای بۆ بریندارانی ئەو کارەساتە خواست.



چین.. ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە 1328 کەس

ژمارەی ئەو کەسانەی بە هۆی پەتای جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا "2019-nCoV" کە لە شاری «ڤوهان»ی چین دا کەوتووە گیانیان لەدەستداوە بەرزبوویەوە بۆ 41 کەس و ژمارەی توشبوانیش گەیشتووەتە هەزارو 287 کەس. (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)



عێراق... خۆپیشاندانەکان قوربانیی لێکەوتەوە

دوێنێ شەممە سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەرێکی زۆر ڕێگەیان بە هێزە ئەمنییەکان نەداوە هەڵبکوتنە سەر گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

بۆ ئەوەی بالّندە و ئاژەڵە کێوییەکان بێ خۆراک نەبن..
دانەوێڵە لەسەر لووتکە بەفرینەکان بڵاوەدەکرێتەوە



بەمەبەستی پاراستنی بالّندەکان لە برسێتی و بەهۆی دەستنەکەوتنی خۆراکی پێویست لە وەرزی زستان لەنێو سروشتدا لەکاتی بەفربارینداً، ژمارەیەک خۆبەخش و ڕێکخراوێکی ژینگەدۆستی، دانەوێڵەی بۆ بالّندەکان ڕوو کرد لەنێو سروشتدا.


(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق دەکات

پێویستە پاڵپشتی لە داواکاریی گەنجان و جیلی نوێ بکرێت

ڕۆژی پێنجشەمە 2020/1/23 سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە د. ئەحمەد ریاز تالب وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق کرد.
لە دیدارەکەدا وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق سوپاسی هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی کرد لەمەڕ قووڵکردنەوەی کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان و عێراق.
هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ڕۆشنایی خرایە سەر بارودۆخی سیاسیی عێراق و هەروەها داخوازییەکانی خۆپێشاندەران و جیلی نوێ و هەردوولا لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە پێویستە پاڵپشتی لە داواکاریی گەنجان و جیلی نوێ بکرێت و کار بۆ پێشخستنی ڕەوشی گەنجان و وەرزش لە عێراق و هەرێمی کوردستان بکرێت.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری بەرگریی عێراق دەکات

مەسرور بارزانی: پێویستە هەماهەنگییەکی باشتر لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەدا هەبێت

دوێنێ شەمە 2020/1/25 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نەجاح ئەلشەمەری وەزیری بەرگریی عێراق کرد.
لە دیدارەکەدا، دوا پەرەسەندن و پێشهاتەکانی بارودۆخی عێراق تاوتوێ کران. جەخت لە سەرگرنگی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە کرایەوە بەتایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە تیرۆریستانی داعش ئێستا لە چەند ناوچەیەکی عێراق بوونەتە مایەی هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر دانیشتووان و پێویستە هەماهەنگییەکی باشتر لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەدا هەبێت و بە شێوەیەکی هاوبەش ڕووبەڕووی ئەو مەترسییانە ببنەوە بەتایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.
وەزیری بەرگریی عێراقیش وێڕای ستایشکردنی هێزی پێشمەرگە وەک بەشێک لە سیستەمی بەرگریی عێراق کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە تێکشکاندنی داعشدا هەبووە ، ئاماژەیشی بۆ هەماهەنگی زیاتر لەو بوارەدا دەربڕی.

بارەگای بارزانی پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی باکووری کوردستان کرد

بەهۆی بوومەلەرزەکەی شەوی هەینیی باکووری کوردستان و گیان لەدەستدانی 23 کەس و بریندارببوونی سەدانی دیکە، دوێنێ شەمە بارەگای بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاری قوربانیانی بوومەلەرزەکە کرد.
دەقی پەیامەکە: بەداخێکی زۆرەوە شەوی ڕابردوو لە ئەنجامی بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە باکووری کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا ژمارەیەک هاوڵاتی گیانیان لە دەست داوە و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوونە.
سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆمان بە کەسوکاری قوربانیانی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە ڕادەگەیێنین و خۆمان بە هاوبەشی خەمیان دەزانین و هیوای چاکبوونەوەیش بۆ بریندارانی دەخوازین.
هیوادارین بە زووترین کات فریاگوزاری و هاوکاریی پێویست بە لێقەوماوانی ئەم ڕووداوە بگات.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە خانەوادەی یاوەر نامیق دەکات


بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی هەینی 2020/1/24 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز بورهان جاف، بۆ کۆچی دواییی خوالێخۆشبوو یاوەر نامیق-ی برایان، پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادەکەیان کرد، هاوخەمیی خۆی لەگەڵیان دەربڕی و هیوای خواست خوای مەزن خوالێخۆشبوو بە بەزەیی و بەهەشتی خۆی شاد بکات.
لای خۆیە بەڕێز بورهان جاف سوپاس و پێزانینی خۆی و خانەوادەکەیانی بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەسەرکردنەوە، دڵنەوایی و هاوخەمییان لەگەڵ ئەواندا، دەربڕی.

پەیامێکی سەرەخۆشی لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمەوە بۆ بنەماڵەی یاوەر نامق سالم

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک یاوەری برای تێکۆشەری ناسراوی کوردستان کاک (جەوهەر نامق سالم)م بیست. پرسە و سەرەخۆشی گەرمی خۆم ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری دەکەم . خوای گەورە گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/1/23

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق دەکات



ڕۆژی پێنجشەمە 2020/1/23 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەحمەد ئەلعوبەیدی وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق کرد.
لە دیدارێکدا گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی بەتایبەتی لە بواری وەرزشی کرا.
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە پێویستە کێشە و ئاستەنگە سیاسییەکان نەبنە ڕێگر لە بەردەم بەهێزکردنی پەیوەندییە وەرزشییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی، بەتایبەتی بەشداریی زیاتری هەرێمی کوردستان لە چالاکییە وەرزشییە عێراقی و نێودەوڵەتییەکاندا.
وەزیری وەرزش و لاوانی عێراق ئاماژەی بە وەزارەتەکەی بۆ پێشخستنی پەیوەندییە وەرزشییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی زیاتری چالاکییەکان لەم بوارەدا دەربڕی.

29 کەس لە شارەکانی خارپێت و مالاتیا گیانیان لەدەستداوە هەزار و 330 کەسیش بریندارببوونە

بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە باکوری کوردستان ڕوویداو دەیان قوربانیی لێکەوتەوە



شەوی هەینی زەمینلەرزەیەکی بەهێز بە گوڕی 6.8 پلەی ڕیختەر، زۆربەی ناوچەکانی باکووری کوردستانی هەژاند. بە هۆی زەمینلەرزەکەش کە بە قووڵایی 10 کیلۆمەتر لە سەنتەری ناوچەی خوخێی سەربە پارێزگای خارپێت ڕوویداوە، کارەبا و هێڵی ئینتەرنێت و تەلەفۆن لە زۆربەی ناوچەکانی باکووری کوردستان وەستا. بە پێی زانیارییەکانیش، زەمینلەرزەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان، قامیشلۆ، سەرێ کانی، عامودە، حەسەکە و دێرێکی گرتووەتەوە، لە باکووری کوردستانیش باتمان، ئامەد و دێرسیم و چەند ناوچەیەکی تری گرتووەتەوە، لە هەندێک ناوچەی سنووری دهۆکیش هەست بە زەمینلەرزەکە کراوە. هەروەها جیا لە سەنتەری خوخێ، لە ناوچەی پۆتورگی شاری مەلاتیای باکووری کوردستان زیانی زۆر بەر 100 باڵەخانە کەوتووە و بەشێکیان ڕووخاون، بەڵام زیانە گیانییەکانیان ڕوون نەبووەتەوە.
ناوەندی بوومەلەرزەکە، شاری خارپێت بوو، بوومەلەرزەی یەکەم بە پلەی 6.8 ڕیختەر بووە و بومەلەرزەی دووەم بە پلەی 5.4 ڕیختەر بووە. بە گوێرەی ئاماژە سەرەتاییەکان، 29 کەس لە شارەکانی خارپێت و مالاتیا گیانیان لەدەستداوە و دەیانی دیکەش بریندار بوونە، هەروەها چەندین خانوو و باڵەخانە ڕووخاون. دەیان ئەمبولانس بەرەو شوێنی بوومەلەرزەکان نێردراون و تیمەکانی فریاکەوتن خەریکی گەڕانن لەنێو خانووە ڕووخاوەکان. هەروەها هەزار و 330 کەسی دیکە لەڕێ داروپەردووی باڵەخانە ڕووخاوەکاندا ڕزگارکراون.

لێدوانێک لە گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە:

هێنانەوەی تەرمی قوربانییان لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە

ئێوارەی ڕۆژی هەینی 2020/1/24 کاتژمێر 8:45 تەرمی پێنج لە قوربانیانی بەلەمی نوقومبووی دەریای ئیجە بە ناوەکانی (ڕێبین عەباس محەمەد، ڕەوەند مستەفا، ڕێبین محەمەد، سیڤەر ستار و یوسف بابەکر) لەسەر ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەگاتەوە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی.
هێنانەوەی تەرمی قوربانیان لە سەر ڕاسپاردەی ڕێزدار مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە کە لە کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردووی ئەنجوومەنی وەزیران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکاری قوربانییان، دەزگاکانی حکوومەتیشی ڕاسپارد، هەموو هاوکاری و ئاسانکارییەک بۆ گەڕاندنەوەی تەرمی قوربانییان بۆ هەرێمی کوردستان بکەن.

جوتیار عادل
گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/1/23

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/1/26 ژمارە (5918)

لە داڤۆس نێچیرڤان بارزانی لەبارەی عێراقەوە دەدوێت:

یارمەتیی برایانمان کوردانی سووریا دەدەین تا بە چارەسەرێکی سیاسی بگەن

عێراقی پێش ئۆکتۆبەر زۆر جیاوازە لە عێراقی دوای ئۆکتۆبەر

ئەگەر لە بەغدا بە چاوێکی دیکە سەیری پێکهاتەکان بکرێت بێگومان کێشە دروست دەبێت



لە بەردەوامیی چالاکییەکانیدا لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس، ئێوارەی رۆژی پێنجشەمە 2020/1/23 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشداری لە دانیشتنێکدا بە ناونیشانی "ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی ناسەقامگیر "کرد کە تیایدا خاتوو جێنین پلاسخارت، نوێنەری سکرێتری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، بەڕێزان د. فوئاد حسێن جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ئابووریی عێراق و عادل ئەبدولمەهدی، وەزیری کاروباری دەرەوەی عەرەبستانی سعوودیە بەشدار بوون.

تیایدا باس لە لێکەوتە درێژخایەنەکانی ئالۆزی و پشێویە بەردەوامەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەک سەرچاوەی ترس و نیگەرانییەکی گەورەی جیهانی و ناوچەیی کرا و تێشک خرایە سەر کاریگەریی ستراتیژیی قەیرانی ئێستا لەسەر ئاشتی و سەقامگیری لە کەنداو، عێراق و سووریا.

دەربارەی ڕووداو و پێشهاتەکانی عێراق، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی گوتی: دوو ـ سێ شت هەیە گرنگە بزانین: یەکەم، دەربارەی ئەوەی ئێستا لە عێراق دەگوزەرێت، ئێمە باسی نەوەیەک دەکەین کە تەمەنیان لەنێوان پانزە ساڵ تا بیست و سێ ساڵە، نە سەددامیان لە بیرە، نە هەڵەبجەیان بیرە، نە هەڵەبجەکەیان بیرە، نە هەڵەبجەکە چۆن ڕوویدا، نە ئەنفال و نە ئەوەی لە کۆیە ڕوویدا، نە ئەوەی لە بادینان ڕوویدا، نە ئەوەی لە بەهدینان ڕوویدا، نە ئەوەی لە هەولێر ڕوویدا، نە ئەوەی لە سلێمانی ڕوویدا، نە ئەوەی لە کەرکووک ڕوویدا، نە ئەوەی لە خانەقین ڕوویدا، نە ئەوەی لە مەخموور ڕوویدا، نە ئەوەی لە شەنگال ڕوویدا، نە ئەوەی لە زۆر شوێنی تر ڕوویدا، ئەوە ئەو نەوەیە کە ئێستا لە عێراق دەژی و ئەوەی ئێستا لە عێراق دەژی ئەوە ئەو نەوەیە کە ئەو ڕووداوانەی بەسەر هاتووە، ئەو ڕووداوانەی بەسەر خەڵکی عێراق هاتووە، ئەو ڕووداوانەی بەسەر خەڵکی کوردستان

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی: دانانی ئاڵای کوردستان ڕێزلێنانە لە خەبات و قوربانیی گەلێک

ترەمپ ڕێزێکی زۆری هەبوو بۆ ڕۆڵی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان جێی ڕێز و بایەخی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە

هێزەکانی ئەمەریکا لەسەر داوای عێراق هاتوون و مانەوەشیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش پێویستە



دوای تەواوبوونی دوایین ڕۆژی کار و چالاکییەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی 2020/1/24 لە وەڵامی ڕۆژنامەنووساندا باسی لە بەشدارییان لە کۆڕبەندەکە و چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە دۆخی عێراق و ناوچەکەوە کرد.

سەرەتا لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی خۆپێشاندانەکان لە عێراق و هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئالۆزییەکانی عێراقەوە، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی گوتی: «هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەبارەی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانەوە لە عێراق ڕوونە، ئەم هێزانە لەسەر داوای عێراق هاتوون بۆ یارمەتیدانی عێراق لە ساڵی 2014ـەوە و تا ئێستاش وای دەبینین کە مانەوەیان لە عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش پێویستە، چونکە تا ئێستاش داعش مەترسییەکی گەورەیە نەک هەر بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو بۆ هەموو عێراق، بۆیە پێمان وایە ئەم هێزانە دەبێت بمێننەوە تا ئەو کاتەی هەموو لایەکمان بە بڕواوە دەتوانین بڵێین داعش کۆتایی هاتووە».

دەربارەی کۆبوونەوە و دیدارەکانی لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهاندا لە داڤۆس و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند «ئێمە بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆسەوە داوەت کراوین کە ئەمساڵ پەنجایەمین ساڵی کۆنفرانسەکەیان بوو. ئێمە لەو چوارچێوەیەدا بەشداریمان کردووە، بۆ ئێمە وەک هەرێمی کوردستان دەرفەتێکە کە بەشدار دەبین لەم شوێنانە دید و بۆچوونی خۆمان لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان و ئەو پێشهاتانەی ئەمڕۆ لە عێراقدا بە شێوەیەکی گشتی هەن، لەگەڵ بەرپرسانی باڵای وڵاتانی دیکە کە بەشدار دەبن لەم کۆنفرانسەدا، باس بکەین، چونکە خۆتان دەزانن پرسی عێراق و ئەو پێشهاتانەی لە ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی هەیە، جێی بایەخی هەموو ئەو وڵاتانەیە و هەر لەم چوارچێوەیەشدا ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتانی دەرەوە، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرۆک ترەمپ و کۆمەڵێک لە سەرۆکانی وڵاتانی دیکە و سەرۆک وەزیران و کۆمپانیاکانی جیهانی باسی دۆخی عێراق و دید و بۆچوونی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو پێشهاتانەی ئەمڕۆ لە عێراق و ناوچەکەدا هەیە، بە هەموو لایەکمان گەیاند. دەتوانم بڵێم ئاستی دیپلۆماسی و کاری هەرێمی کوردستان باشە و هەرێمی کوردستان وەک پێگەی خۆی لە چوارچێوەی عێراقدا و بەپێی دەستووری عێراق، جێی ڕێز و بایەخی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە».

هەر دەربارەی کۆبوونەوەکانیان لە داڤۆس بەتایبەتیش کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد: «لەم کۆبوونەوەیەدا ئێمە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقمان لەگەڵ سەرۆک ترەمپ باس کرد، ئەو ڕێزێکی زۆری هەبوو بۆ ڕۆڵی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەکەدا هەم بۆ پاراستنی پێکهاتەکانی ناوچەکە و هەم ڕێز و پێزانینی هەبوو بۆ هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، کە بۆتە پەناگەیەک بۆ خەڵکی دیکە و شوێنێکی ئارامە، ڕێز و پێزانینی هەبوو بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش».

سەبارەت بە چارەسەرکردنی دۆخی ئێستای عێراق و بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەمبارەوە، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند: «ئێمە پێشتریش هەڵوێستی خۆمان بە ڕوونی نیشانداوە و ئێستاش دەڵێین هەبوونی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان بۆ هەموو عێراق پێویستە و ئێمە بە ڕوونی ئەمەمان گوتووە و لەگەڵ سەرۆک ترەمپیش باسمان کردووە».

دەربارەی گرنگی و کاریگەریی دانانی ئاڵای کوردستان لە کۆبوونەوەی بەڕێزیاندا لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەمەریکا، بەڕێزیان گوتی: «بەڕێز سەرۆکی ئەمەریکا و وڵاتی ئەمەریکا پێگەی هەرێمی کوردستان دەزانن، دەزانن کە هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستوورییە لەناو عێراقدا. بێگومان دانانی ئاڵای کوردستان بۆ هەموو کوردێک شتێکە جێگەی خۆشحاڵییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بزانین بەپێی دەستووری عێراق ئەم پرسە ڕێپێدراوە کە لە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا دانرا، پێمووایە جێگەی خۆشحاڵییە بۆ هەرموو کوردێک لە هەر شوێنێک بێت، هەروەها پەیامەکە تەنها بۆ کوردانی عێراق نەبووە، بە دیدی من بۆ هەموو گەلی کورد بووە کە خۆشحاڵ بن بەوەی کراوە، ئەم ڕێزلێنانە تەنیا ڕێزلێنان نییە بۆ کەسێک، ئەمە ڕێزگرتنە لە خەبات و قوربانیی گەلێک بۆ خوێنی شەهیدانی گەلێک کە لە مێژوودا ماندوو بوون و خەباتیان کردووە و زەحمەتیان کێشاوە. پێمووایە دانانی ئەو ئاڵایە ڕەنگدانەوەی ئەو هەموو مێژووەیە و بۆ تەنیا کەسێک نەبووە، ئەمە بۆ هەموو گەلی کورد بووە و من پیرۆزبایی لە هەموو گەلی کوردستان دەکەم بۆ ئەوە و هەر کوردێک لە هەر شوێنێک بێت».

تاراوگەییەکان: داڤۆس فرمسێکی دوای لۆزان دەسڕێتەوە

کوردانی تاراوگە بۆچوونی خۆیان لەبارەی بەشداری سەرۆکی هەرێم لە داڤۆس دەخەنەڕوو





خەبات- ساسان دەروێش

ئەگەرچی لە ڕابردوودا بڕیاری دابەشکردنی کوردستان لە شاری لۆزانی سویسرا ڕوویدا، ئەمەش لە هزر و میتشکی هیچ نەوەیەکی کورد ناسڕێتەوە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی و لە نێو چیا سەرکەش و پڕ لە بەفر و سارەدکەی هاوینەهەواری ئەڵپاین سکای لە شارۆچکەی داڤۆسی هەمان سویسرا ڕوویدا، لە دانانی ئاڵای کوردستان و پێشوازیکردنی گەرم لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە74 ساڵی ڕابردوودا کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەمەریکا بۆ گەلی کورد هەنگاوێکی تری دیپلۆماسییەت بوو بۆ چوونە پێشەوەی دۆزی گەلی کورد و ناساندنی زیاتری شوناسی نەتەوەی کورد لە دیدار و گفتوگۆ گەرمەکاندا لەنێو سەرۆک و سەرکردەکانی جیهاندا، دروستبوونی ئەم کۆبوونەوەیە و لە ساڵی 1971 لەلایەن پرۆفیسۆری ئابووریناسی ئەڵمانی کلاوس سکاوب وەک ڕێکخراوێکی ئابووریی قازنج نەویست دایمەزراند لەپێناو جیهانێکی ئارام بۆ هەمووان و کۆکردنەوەی سەرکردەکانی جیهان لە تەک یەکترەدا کە ساڵانە لە مانگی کانوونی دووەم بەڕێوەدەچێت و چەند ساڵێکیشە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی وڵاتێکی سەربەخۆ بەشداری کۆڕبەندەکە دەکات، پێشتر سەرۆک بارزانی و دواتریش نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکوەزیران و ئەمساڵیش وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداربوو بە کارنامەیەکی چڕ و پڕ و هەگبەیەکی نەتەوەییانە جارێکی تر باسوخواستی نەتەوەی کوردی خستەوە سەرمێزی زلهێزەکانی جیهان، لەمبارەیەشەوە ڕەوەندی کوردی تاراوگە بیروبۆچوونی خۆیان بۆ خەبات دەربڕی.

پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەبێت هێرۆ عەلی عوسمان لە دانیمارک بۆ خەبات گوتی:

دنیایەک خۆشحاڵبووم بەم ڕووداوە گرنگە، لەم کاتوساتەدا و کۆبوونەوە و دیدارەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لە تاراوگە بە تایبەتی زۆرترین گفتوگۆ و باسکردنی بەدوای خۆیدا هێنا لە دوای ئەوەی تەلەفزیۆنی فۆکس نیوزی ئەمەریکی ڕاستەوخۆ قسەی هەردوو سەرۆکی پەخشکرد و هەروەها سەرۆک دۆنالد ترەمپ گەلی کوردستانی بە گەلێکی مەزن وەسفکرد و گوتی ئێمە قەرزارتانین، هەروەها سوپاس و پێزانینی ئەمەریکا بۆ ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە لە تێکشکاندنی داعش و پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان دووپاتکردەوە، ئەمە جگە لەخۆیدا ئیسپاتبوونی هەرێمەکەمانە بە فەرمی و ناساندنی زیاتری.

ئەرکان مستەفا کۆڕی لە هۆڵەندا گوتی: داڤۆس وێستگەیەکی گرنگیی مێژوویی بوو بۆ کورد و پەرینەوەی بەسەر نائومێدییەکانی لە لۆزان و سڕینی فرمێسکی لە داڤۆس بە دانانی ئاڵای کوردستان لە کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆکی ئەمەریکا وکوردستان ئەمە لەخۆڕا نەڕەخساوە بەڵکو یاریزانی لە سیاسەتکردن و بردنەوەی گرەوەکانە کە دبلۆماسییەتی کورد و هەڵوێستی نەگۆڕی سەرۆک بارزانی بۆ داهاتووی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێک ئەمین دابووە و مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵدا کردووە و سازشی لەسەر خاک وگەل نەکردووە، بارزانیی باوک لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا لەپێناوی کەرکووک هیچ تەنازولی نەکرد ، درێژەی بە خەبات و تێکۆشاندا لە 11ی ئازارەوە بۆ ڕیفراندۆم کە دوو بەڵگەنامەی مێژوویی بۆ کورد تۆمار کرد و لە ئێستاشدا بەهێزی بیری جوان و سیاسەتی هێمنانەی سەرۆک بارزانی، وڵاتان فەرشی سووریان بۆ سەرۆک ڕاخست و وەک سەرۆکی کوردستان پێشوازیان لێکرد و ئاڵای کوردستانیان بۆ دانا ، ئەمەشی کە بینیمان لە داڤۆش هەمان سیاسەتە کە نێچیرڤان بارزانی پەیڕەوی دەکات بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی کورد و سەرخستنی دۆزی ڕەوای کوردستان لەنێو کۆبوونەوەکانی سەرکردەکانی جیهاندا.

ئەفشار ئەقدەسی بەرپرسی نوێنەرایەتی ئەوروپای پارتی ئازادیی کوردستان گوتی:

دانانی ئاڵای کوردستان و پێشوازی گەرمی سەرۆکی ئەمەریکا لە سەرۆکی کوردستان لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان بەڕووداوێکی مێژوویی و گەورە سەیر دەکرێت بۆ نەتەوەی کورد کە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە 74 ساڵی ڕابردوو لە کۆماری کوردستان، لە هەمان سویسرای بێلایەن و دوور لە جەنگ لە ڕووداوێکدا لە لۆزانی شووم کە بووە مالۆێرانی بۆ کورد، بەڵام ئەمجارە لەم هەلە مێژوویەدا لە داڤۆس بووە خۆشحاڵی تەواوی نەتەوەی کورد و بەردەوامی خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکەمان لە سەربەخۆی کوردستان.

جەبار جاسەنەیی پێشمەرگەی دێرین لە ئەڵمانیا دەڵێت:

ئەوەی منی خۆشحاڵتر کرد لەم کۆڕبەندی ئابووریەدا ئەوە بوو سەرۆک دۆنالد ترەمپ وەکو سەرۆکی کوردستان پێشوازی لە نێچیرڤان بارزانی کرد، ئەمەش مانا و بایەخێکی گرنگی بۆ کوردستان و داهاتووی دەبێت، لە کۆبوونەوەی هەردوولا ئاڵای کوردستان و ئەمەریکا لە پشت هەردوو سەرۆک دانرابوون، کە دەنگدانەوەیەکی باشی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە لە نیشاندانی پێگەی بەهێزی کوردستان و سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی و هەڵوێستە جوان و ڕوونەکانی بۆ داهاتووی کوردستان و هەڵسوکەتی لەگەڵ دۆستەکانی.

سازان مستەفا سالح لە سوید گوتی: دانانی ئاڵای کوردستان ئاماژەیەکی گرنگە بەوەی کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دەستووری و دانپێدانراوە بە تایبەتی لەلایەن بەهێزترین وڵاتی جیهان کە ئەمەریکایە، ئەگەر وردبینانە هەڵوەستە بکەین ئەوەی ترەمپ باسی کرد ڕاستییە بەو مانایەی کە ئەمڕۆ یان سبەی بێ کوردستان سەربەخۆ دەبێت و بارزانیش سەرۆکی کوردستان دەبێت و هۆکارەکەشی بۆ سیاسەتکردنی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی دەگەڕێتەوە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئابووریی سەربەخۆ بۆ کوردستان و ئەمەریکا لە پشتیوانی سەرۆک بارزانی و ئەمەریکا لە پشتیوانی هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا لە پشتیوانی هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا لە پشتیوانی هەرێمی کوردستان

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/1/26 ژمارە (5918) | خەبات

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سکرتێری گشتیی یووئین کۆبووەوە



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ستایشی ئەرک و ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە عێراق کرد و داوای کرد لە پرۆسەی سیاسی و هێورکردنەوەی دۆخەکە لە یارمەتیدانی عێراق بەردەوام بێت، جەختیشی لە پێویستیی بەردەوامیی ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش لە عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر کردەوە، هەروەها پشتگیریی هەرێمی کوردستانی بۆ داواکاریی ڕەوای خۆپیشاندەرانی عێراق لە خزمەتگوزاری و ژیان و ئایندەیەکی باشتر، دەربڕی.

لە دوایین ڕۆژی بەشداریکردنیدا لە کۆڕبەندیی ئابووریی جیهان لە داڤۆس، سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی، 2020/1/24 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا خۆپیشاندانەکان و دۆخی عێراق و ناوچەکە، هەوڵدان بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکان و ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمبارەیەوە، کار و چالاکییەکانی یووئین و دەزگا و ئاژانسەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، دۆخی ئاوارەکانی عێراق و پەنابەرانی سووریا لە هەرێمی کوردستان و یارمەتیدان و هاوکاریکردنیان، پرۆسەی سیاسی و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی عێراق، تاوتوێ کران.

پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و بەردەوامیی گفتوگۆی نێوانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، دوایین پێشهاتەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش، دۆخی ناوچەکانی زیانبەرکەوتووی شەڕی داعش و چۆنیەتیی ئاوەدانکردنەوەیان و چەند بابەتێکی دیکەی مایەی بایەخی هەردوولا، لایەنێکی دیکەی کۆبونەوەکە بوون.

عێراق... خۆپیشاندانەکان قوربانیی لێکەوتەوە

هێزە ئەمنییەکان ژمارەیەک خۆپیشاندەریان لە ناوەڕاستی بەسرە دەستگیرکرد

خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانەکان رازیی نەبوون لایەنگرانی سەدر بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا بکەن



دوێنێ شەمە سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەرێکی زۆر ڕێگەیان بە هێزە ئەمنییەکان نەداوە هەڵبکوتنە سەر گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا. سەرچاوەکە گوتیشی: هێزە ئەمنییەکان وەک هەوڵێک بۆ کۆتایی هێنان بە خۆپیشاندانەکان لە گۆڕەپانی خەلانییەوە بە ئاراستەی گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا دەستیان بە جوواڵەکردن کردووە. بە گوتەی سەرچاوەکە سەدان خۆپیشاندەر هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانی ناوەڕاستی بەغدا، 15 خۆپیشاندەر بریندارببوون.

سەرچاوەکە کە لە فەرمانگەی تەندروستی بەغدا کار دەکات گوتی: هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانی پردی ئەحرار و گۆڕەپانی وەسبە تا دەگاتە گۆڕەپانی خەلانی پردی سەنک گازی فرمێسکڕێژیان بەکارهێناوە کە بەهۆیەوە 15 خۆپیشاندەر بریندارببوون.

ژمارەیەک خۆپیشاندەر دەستگیرکران

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە هێزە ئەمنییەکان ژمارەیەک خۆپیشاندەریان لە ناوەڕاستی بەسرە دەستگیرکردووە. سەرچاوەکە لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەکرد کە هێزە ئەمنییەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر خۆپیشاندەریان لە ناوەڕاستی بەسرە. بە گوتەی سەرچاوەکە لەمیانی هەڵکوتانەکەدا، ژمارەیەک خۆپیشاندەر لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون. هاوکات شایەتحاڵەکان ڕایانگەیاندووە کە هێزێکی ئەمنی هەڵکوتاوەتە سەر گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکانی ناوەڕاستی بەسرە و ژمارەیەک خێوەتی خۆپیشاندەرانی سووتاندووە.

ڕەوشی ئەمنی ناسرییە خراپە

هەروەها سەرچاوەیەکیش لە پۆلیسی زیقار ڕایگەیاندووە کە ڕووبەڕووبوونەوە و فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا ڕایگەیاندبوو کە سەرجەم ڕێگەکان لە ناوەڕاستی شاری بەغدا بە ڕووی هاتوچۆدا کراونەتەوە.

15 خۆپیشاندەر بریندارببوون

سەرچاوەیەکی پزیشکیش ڕایگەیاند کە لەمیانی هەوڵی پێکدادان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانی ناسرییە ناوەندی پارێزگای زیقار ڕووبداوە. سەرچاوەکە ئاشکراشی کردووە کە هێزەکانی بەرەنگاربوونەوەی تۆندوتیژی و بەڕێەبردانەوەی خێرا گەیشتوونەتە ڕۆژئاوای شاری ناسرییە بۆ ئەوەی ڕێگە سەرەکییەکانی شارەکە بکەنەوە کە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە داخراون. بە گوتەی سەرچاوەکە دوای ئەوەی دانوستانی نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران بۆ کردنەوەی ڕێگەکان شکستی هێنا، ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان هەردوولادا ڕووبداوە و ئاماژەی بەوەیشکرد کە لەئێستادا ڕەوشی ئەمنی ناسرییە خراپە.

- لایەنگرانی سەدر خیوەتەکانیان لە گۆڕەپانیی خۆپیشاندانەکان هەڵگرت

هاوکات لە پارێزگاکانی موسەننا، دیوانییە و زیقار باشووری عێراق خۆپیشاندەرانی لایەنگرانی سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر خێوەتەکانیان لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان هەڵگرت. لەوبارەوە ڕێکخەری خۆپیشاندانەکانی باشووری عێراق، ئیهاب عەبدلی لە لێدوانێکیدا گوتی:لایەنگرانی سەدر خێوەتەکانیان لە گۆڕەپانیی خۆپیشاندانەکان لە پارێزگاکانی موسەننا، دیوانییە و زیقار هەڵگرتووە بە هۆی ئەوەی خۆپیشاندەرانی گۆڕەپانەکان ڕازیی نەبوون لایەنگرانی سەدر بەشداری بکەن لە خۆپیشاندانەکاندا.

پێناگۆن:
کورد و سوننە پاڵپشتی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەن

وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا ڕایگەیاند، کورد و سوننە داوایان کردووە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بهێڵنەوە. جۆناسان هۆفمان، گوتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیی ڕایگەیاند، نوێنەرانی کورد و سوننەکان داوایان کردووە، هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بهێڵنەوە. ئاماژەی بەوەش کرد، هێشتا ئەرکیان لە شەڕی دژی داعش کۆتایی نەهاتووە و بۆ ئەو شەڕە هێشتا عێراق پێویستی بە ئەمەریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هەیە. هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، ئەمەریکا سیستمی بەرگری مووشەکی پاتریۆت لە چەند شوێنێک لە عێراق دادەمەزرێنێت و سوپای ئەمەریکاش شوێنەکانیان دەستنیشان دەکات.

14 سەربازی تورکیا و گرووپە چەکدارەکان لە تەلتەمر کوژران

بەپێی زانیاریی میدیاکانی ڕۆژئاوای کوردستان، سوپای تورکیا و گرووپە توندڕەوە چەکدارەکانی سووریا، هێرشیان کردووەتەوە سەر شاری تەلتەمری ڕۆژئاوای کوردستان و بەو هۆیەوە 14 سەربازی تورکیا و گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆن کوژراون. بە پێی هەواڵەکان ئەو ڕووداوە دەرنگای شەوی هەینی ڕوویداوە، بەڵام ئەنجوومەنی سەربازیی "سریانەکان" کە سەر بە هەسەدیە وەڵامی ئەو هێرشەیان داوەتەوە لە گوندەکانی "عەلی شاب، قاسم یەک، ڕێحانیە و ئەربین" 14 سەربازی تورکیا و ئەندامی گرووپە چەکدارەکان کوژراون ژمارەیەک چەکیش دەستی بەسەردا گیراوە".

چین.. ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە 1328 کەس



ژمارەی ئەو کەسانەی بە هۆی پەتای جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا "2019-nCoV" کە لە شاری ڤوهان'ی چین داکەوتووە گیانیان لەدەستداوە بەرزبوویەوە بۆ 41 کەس و ژمارەی توشبووانیش گەیشتووەتە هەزارو287 کەس.

ئەنجوومەنی تەندروستیی نیشتمانیی چین ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوەی خستووەتەڕوو کە تائێستا 41 کەس بەهۆی پەتای جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی ئەو کەسانەش کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو پەتایە لە تەواوی هەرێمە خۆڕێبەرییەکان، هەرێمی کارگێڕی تایبەت و ویلایەتەکان گەیشتووەتە هەزارو 287 کەس کە ڕەوشی تەندروستی 237یان سەختە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، سێزدە هەزار و 967 کەس خراونەتە ژێر چاودێری پزیشکییەوە بەهۆی ئەوەی لە پەیوەندیدابوون لەگەڵ ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ڤایرۆسەکە، هەروەها ژمارەی ئەوانەیش گومانیان لێ دەکرێت ڤایرۆسەکەیان بۆ گوازرابێتەوە گەیشتۆتە هەزار و 965 کەس.

لە ژمارەیەک شاری چین بە شێوەیەکی کاتی سەرجەم ئەجێندا گەشتیارییەکانی ڕاگرتوون، دەست پێکردنەوەی خوێندنیشی لە ناوەندەکانی خوێندن دوا خستووە و پشووی سەرباز و پۆلیسەکانی هەڵوەشاندۆتەوە. وەزارەتی دارایی چین'یش بڕی144 ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەتایە لە شاری ڤوهان'ی پایتەختی ویلایەتی هوبەی.

سەرۆکی حکوومەت لەگەڵ ئەوەدایە مووچەی خانەنشینی لە 400 هەزار دینار کەمتر نەبێت



سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتیی خانەنشینیی سەر بە وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، حکوومەت چاوەڕێ دەکات سەرۆکی هەرێم یاسای چاکسازی پەسەند بکات، تا بزانێت چەند پارە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایە مووچەی خانەنشینی دیاری بکرێت، بەڵام سەرۆکی حکوومەت لەگەڵ ئەوەدایە کە مووچەی خانەنشینی کەمترین 400هەزار دینار بێت.

ئەو سەرچاوەیە، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، هەر کاتێک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە داڤۆس بگەڕێتەوە، بڕیارە پرۆژەیاسای چاکسازی پەسەند بکات و کە پەسەندیشی کرد و لە رۆژنامەی فەرمی بەڵاو کرایەوە، لە ماوەی 90رۆژدا جێبەجێ دەکرێت. سەرچاوەکە باسی لەوەش کرد، هەرکاتێک یاساکە بۆ حکوومەت گەڕایەوە، ئەو کات بۆ حکوومەت ڕوون دەبێتەوە بە هۆی ئەو یاسایەوە چەند پارە بۆ حکوومەت دەگەڕێتەوە، کە ئەو کاتیش حکوومەت لەسەر بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت.

سەرچاوەکە ئەوەشی ئاشکرا کرد، رایەک لەناو پەرلەمان هەبوو، کە مووچەی خانەنشینی کەمترینی بکرێتە 300هەزار دینار، بەڵام حکوومەت بەوە رازی نەبوو و نیازی وایە بیکات بە 400هەزار دینار و ئەگەر توانا هەبێت، زیاتریش دەکرێت.

بزانین چەند پارەمان بۆ دەگەڕێتەوە ناتواندرێت بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت.

کرێکارانی کەرتی تایبەت هاوشێوەی فەرمانبەران خانەنشین دەکرێن



بەڕێوەبەری کارودەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، کرێکارانی کەرتی تایبەت هاوشێوەی بیگرێتەوە و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کردبێت و کاتی خانەنشینی هاتبێت، هاوشێوەی فەرمانبەرانی کەرتی حکوومی خانەنشین دەکرێن و تەنیا ئەمساڵ 49کرێکار خانەنشین کراون، هاوکات تاوەکو ئێستاش 769کەس لە هەرێمی کوردستان خانەنشین کراون و مانگانە مووچەی خۆیان وەردەگرن. د. حیتۆ گوتیشی، ئەوانەی خۆیان زەمان کردووە و مانگانە پارە دەدەن، کاتێ تەمەنیان گەیشتە خانەنشینی بەپێی یاسای 39 ساڵی 1971و یاسای ژمارە 4ی ساڵی 2012خانەنشین دەکرێن و هەموو ماف و ئیمتیازاتێکیشیان دەبێت.

هەروەها دەڵێ، هەندێک کرێکار خانەنشینی زۆرە و هەندێکیش کەمە ئەویش لەسەر چەند زەمان کراون.

سوپاس و پێزانین

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەناوی خۆمان وسەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو ئەحمەد کوێخا عەباسی سارتکەیی، سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرجەم یەکە ئیدارییەکانی سنوری قەزای دوکان و ناحیەی سورداش و پیرەمەگرون و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و کەسایەتی و پیاوماقوولانی دوکان و دۆڵی جافایەتی و ناوچەی سورداش و چەمی ڕەزان و سەرجەم چین و تووێژەکانی سنورەکە و خزم و دۆست و هاوڕێیان دەکەین، ئەوانەی بە نامەو تەلەفون و لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشداری پرسەی باوکی کۆچکردوومان ئەحمەد کوێخا عەباسی سارتکەیی- یان کرد. باری ئەو خەمە گەورەیان لەسەر شان سووککردین، ڕاستە خەمی لەدەستدانی باوکی ئازیزمان وا بە ئاسانی سارێژ نابێت، بەڵام هەموولایەک بەبێ کەموکوڕی بەشی خۆی خەمەکەی هەڵگرت، هیوادارین خودای گەورە سەبوورییان بدات و ئەجرو پاداشتی خیێی ئێوەی بەرێزیش بداتەوە. خودای دلۆڤان هیچ لایەکتان بە لەدەست دانی ئازیزانتان تاقی نەکاتەوە و مەرگی ئازیزانتان نەبینن. دووبارە سوپاس بۆهەموولایەکتان.

بنەماڵەی خوالێخۆشبوو
ئەحمەد کوێخا عەباسی سارتکەیی

بەرپرسێ لقا ئێک:
لاو دینەمویا هەر پێشقەچوون و شارستانیەتەکێنە



سەرکردایەتیا ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ سەرا بارەگایێ لقا ئێک دا و ژ لایێ سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک قە هاتنە پێشوازی کرن.

ئەقەو دقێ سەردانێ دا بەرپرسێ لقێ بناقێ خوە و ناقێ لقا ئێک بخێرهاتنا وان کر و گوت: لاو دینەمویا هەر پێشقەچوون و شارستانیەتەکێنە، چونکی خوە دی هێزەکا مەزنن د هش و هزرێن خوە دا لەوما ئێکەتیا لاوان ژی ڕۆلەک مەزن هەبوویە ژ شورەشا و هەتا ئەڤرو یا کوردستانێ و بۆ سوبەهی ژی. سکێتێێ ئێکەتیا لاوان سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ ڤێ پێشوازیێ و گوت:

دێ هەر مەن جهێ وێ باوەریێ بۆ پارت و ڕێبازا خوە تا دگەهینە ئارمانجا خوە یا دوماهیکێ.

سێ پرۆژەی گرنگ
لە سەنتەری شارۆچکەی شێخان دروستەدکرێن

خەبات- ئالان شەهاب:

وەسیم غانم حەنون بەڕێوەبەری شارەوانی قەزای شێخان سەر بە ئیدارەی مووسل بە خەباتی ڕاگەیاند: بە کۆرمەی زیاتر لە 956ملیۆن دینار سێ پرۆژەی گرنگ بۆ سەنتەری قەزای شێخان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی پارێزگای مووسڵ دروست دەکرێن.

پرۆژەی یەکەم دروستکرنی ڕێگای سەرەکی بۆ کەمپی ئاوارەکانی شێخان و بۆ گەڕەکە نوێکانی کە دەکەونە سەر ئەم ڕێگایە بە درێژی 1300مەتر پانی 30مەتر لە لایەن شارەوانی شێخان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی مووسڵ دورست دەکرێت، ڕێژەی 10% کارکردن لە سەر ئەم پرۆژەیە بە کۆتاهاتووە. پرۆژەی دووەم دروستکرنی پارکێکە لە سەر ڕووبەری 12هەزار مەتر چوارگۆشە لە سەنتەری شارۆچکەی شێخان و کارکردن لە سەر ئەم پرۆژەیە بەردەوامە. پرۆژەی سێیەم، دروستکرنی شاری یاریی لە سەر ڕووبەری 8هەزار مەتر چوار گۆشە لە سەنتەری شارۆچکەی شێخان.

پۆلیسی هەولێر: بە کەمتر لە پێنج کاتژمێر ئۆتۆمبێلێکی دزراومان دۆزییەوە



ئومێد بابان:

بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند: دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلێکی جۆری مارسدیس لە شەقامی 60 مەتریی هەولێر دزرا، توانرا لە کەمتر لە 5کاتژمێدا شوێنی ئۆتۆمبێلەکە بدۆزرێتەوە و تۆمەتبارەکانیش بناسرێن.

عەمید دلێر نەجات یاسین نەجارِ، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە میدیاکانی ڕاگەیاند، پاش ئەوەی نووسینگەی نەهێشتنی دزینی ئۆتۆمبێلی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند: دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلێکی جۆری مارسدیس لە شەقامی 60 مەتریی هەولێر دزرا، توانرا لە کەمتر لە 5کاتژمێدا شوێنی ئۆتۆمبێلەکە بدۆزرێتەوە و تۆمەتبارەکانیش بناسرێن.

عەمید دلێر نەجات یاسین نەجارِ، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە میدیاکانی ڕاگەیاند، پاش ئەوەی نووسینگەی نەهێشتنی دزینی ئۆتۆمبێلی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند: دوای ئۆتۆمبێلێکی جۆری مارسدیس لە شەقامی 60 مەتریی هەولێر دزرا، توانرا لە کەمتر لە 5کاتژمێدا شوێنی ئۆتۆمبێلەکە بدۆزرێتەوە و تۆمەتبارەکانیش بناسرێن.

عەمید دلێر نەجات یاسین نەجارِ، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە میدیاکانی ڕاگەیاند، پاش ئەوەی نووسینگەی نەهێشتنی دزینی ئۆتۆمبێلی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند: دوای ئۆتۆمبێلێکی جۆری مارسدیس لە شەقامی 60 مەتریی هەولێر دزرا، توانرا لە کەمتر لە 5کاتژمێدا شوێنی ئۆتۆمبێلەکە بدۆزرێتەوە و تۆمەتبارەکانیش بناسرێن.

هەولێر ڕوونیشی کردەوە، دوای سکاڵاتۆمارکردن لەلایەن خاوەنی ئۆتۆمبێلەکەوە لە نووسینگەی نەهێشتنی دزینی ئۆتۆمبێل، پشت بە کامێرای چاودێێی و زانیارییەکان بەسترا، بۆیە کەسەکان ناسران و بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی خۆمان، توانرا کەمتر لە پێنج کاتژمێر ئۆتۆمبێلەکە بدۆزرێتەوە، کە ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمانە و ڕادەستی خاوەنەکەی دەکرێتەوە. عەمید دلێر ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، لێکۆڵینەوە بۆ ئەم دۆسیەیە کرایەوە و بەڕێز دادوەر بڕیاری دا بەپێی مادەی 452لە یاسای سزادان، تۆمەتبارەکان قۆڵبەست بکرێن و سزا بدرێن.

سێ تەن و نیو هێلکەی قاچاخ دەستی بەسەردادەگیرێت

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: سێ تەن و نیو هێلکەی قاچاخ لەلایەن بازگەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سەلاحەددین- کۆرێ دەستی بەسەردا گیرا. سەبارەت بەمە، نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی هەولێر ڕایگەیاند: ئەم جۆرە هێلکەیە بە نایاسایی داخلکراون، ڕێکەوتی نۆ مانگی لێدراوە و بەشێک لەم هێلکەیە هیچ ڕێکەوتێکی لەسەر نیە. بەگوتەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ نابێت هێلکە ڕێکەوتی دەرچوون و بەسەرچوونی زیاتر لە 30ڕۆژی لێبدرێت. هەروەها گوت: بەئامادەبوونی نوێنەری قایمقامیەتی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی ئێتێبێنەری هەولێر و بەهاوکاری بەشی پۆلیسی شارەوانی هێلکەکان گواستراوە بۆ زبلخانەی کانی قرژاڵە بە شێوەیەکی زانستی و ژینگەیی لەناو بردرا. شایەنی باسە لەسەر ئەم کەیسە کاردانەوەی یاسایی بەرامبەر خاوەنەکەی دەکرێت.



200 سۆپا
بەسەر کەمدەرامەتاندا دابەشکرا



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: هاوڕێ ئیحسان بەڕێوەبەر لقی هەولێری مانگی سوور ڕایگەیاند: لە بەردوامی کارو چالاکیەکانی لقی هەولیری مانگی سوور- نوسینگەی سۆران بە هەمانگی لەگەڵ کرمانج عیزەت، قایمقامی سۆران و ئەحمەد قایمەقامی چۆمان، لە قەزای سۆران و چۆمان 200سۆپای تۆربومان بەسەر خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت دابەشکرد. لقی هەولێری مانگی سوور چەندین ساڵە توانیویانە لە گشت بوارەکاندا خزمەت بە لێقەوماو و نەدارانەدا بگەیەنن.

ئەمساڵ زیاتر لە هەزار پرۆژە لە سەرتاسەری هەرێم جێبەجێ دەکرێن

گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان ڕایگەیاند، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی تۆکمەی داناوە و ئەمساڵ زیاتر لە هەزار پرۆژە جێبەجێ دەکات. یاسین مەحمود، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان پلانی داناوە بۆ ئەمساڵ کۆمەڵێک پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات، بۆ ئەو مەبەستەش وەزارەتی پلاندانان سەرقاڵی دانانی پلانێکی تۆکمەیە بۆ ئامادەکردنی لیستی پرۆژەکان و لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانیش لیژنەیەک پێک هێنداوە بە سەرۆکایەتیی د. ئومێد سەباح، بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژەکان بکات، بۆیە ئەو پرۆژانە جێبەجێ دەکرێن، کە خزمەت بە ژیێخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان دەکەن. مەحمود گوتیشی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە بودجە بۆ سەرجەم ئەو پرۆژانە تەرخان بکات، کە تائێستا تەواو نەکراون و هەر لەمساڵدا زیاتر لە هەزار پرۆژە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێن. گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان ڕوونیشی کردەوە، حکوومەت بەرنامەی ئەوەشی داناوە هەندێک سەرمایەدار و کۆمپانیای گەورە بە قەرزی درێژخایەن یاخود بە شێوازی دیکە چەندین پرۆژە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن، بۆیە حکوومەت بەردەوامە لە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی لە کابینەی نوێدا داینارە.





بۆ ئەوەی باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان بێ خۆراک نەبن..

دانەوێڵە لەسەر لووتکە بەفرینەکان بڵاودەکرێتەوە

خۆبەخشێک: دڵخۆشم لە هەڵمەتێکی وەهادا بەشداری دەکەم و باڵندەکان لە برسیبوون دەپارێزین

خەبات: سلێمانی

بەمەبەستی پاراستنی باڵندەکان لە برسێتی و بەهۆی دەستنەکەوتنی خۆراکی پێویست لە وەرزی زستاندا لەنێو سروشتدا لەکاتی بەفربارینداد، ژمارەیەک خۆبەخش و ڕێکخراوێکی ژینگەدۆستی، دانەوێڵەی بۆ باڵندەکان ڕوو کرد لەنێو سروشتدا.

هەموو کاتێک لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرماوسۆڵەو کرێوەی بەفردا، تەنیا مرۆڤە کەم دەرامەت و بێلانەکان، نابنە قوربانی، بەڵکو باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان، ڕووبەڕووی ئەستەمی دەبنەوە، ئەویش بەهۆی دەستنەکەوتنی خۆراکی پێویستی ڕۆژانەیان.

لە شاری سلێمانی و لە چالاکیەکی کەم وێنەدا، ژمارەیەک خۆبەخش و ڕێکخراوی شەمالی کوردستان بۆ ژینگە هەڵسان بە ڕشتن و ڕووکردنی پێنج فەردە دانەوێڵە و نان، لەنێو سروشتدا بۆ ئەو باڵندانە و ئاژەڵە کێوییانەی لە وەرزی زستان و بەهۆی بەفربارینەوە، خۆراکی ڕۆژانەیان دەستناکەوێت.

لەلێدوانێکدا بەڕپرسی ڕێکخراوی شەمالی کوردستان بۆ پارستنی ژینگە، شیلانە ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا کە ئەمڕۆ دەستپێکی هەڵمەتەکەیە و ڕۆژانی دواتریش بەردەوام دەبێت.



شیلانە گوتی، "ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی هەڵمەتی دانەوێڵە بۆ باڵندەکان لەژێر ناوی " باڵندەکان هاوسەنگی ژینگە ڕادەگرن "لە چیای ئەزمەر دەستپێکرد و بەردەوامیی دەبێت، ئێمە دەمانەوێت یارمەتیی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان بدەین لەوەرزی سەرماوسۆڵەو بەفردا، ئێمە وەک ڕێکخراوێکی ژینگەیی بەدەر لە هاوکاری مرۆڤەکان، دەمانەوێت، یارمەتیی ئاژەڵ و باڵندەکان بدەین، چونکە ئەوەی گرنگە، باڵندەکان بەشێکی گرنگن لە ژینگەدا، بەشێکن هاوسەنگی لەژینگە ڕادەگرن، پێویستە مرۆڤەکان هۆشیاربکەینەوە لە گرنگیی ئەو بابەتە و ڕۆڵی هەریەکەمان لە پارێزگاریکردنی ژینگەدا، بۆیە داوا لە هاوڵاتیان دەکەین کە ئەو کارە بکەن و ئەو بابەتە بە گرنگی وەربگرن."

بەڕێوەبەرایەتیی ژینگەی سلێمانی لە ڕاگەیاندنێکدا ڕایگەیاند، بەهۆی ئەو بارودۆخە سەختەی کە بەسەر باڵندە و ئاژەڵەکاندا دابەش بکەن."

شیلانە باس لەوە دەکات کە ئەوان لە هەڵمەتەکەدا پێنج فەردە دانەوێڵە و نانەوردە لە نێو بەفردا ڕۆ دەکەن بۆ باڵندە و ئاژەڵە برسییەکان.

لە هەڵمەتەکەدا ژمارەیەک خۆبەخشی ژینگەیی و ئاژەڵدۆستی و ئەندامی ڕێکخراوی شەمال بەشداربوون لە ڕووکردنی دانەوێڵە بۆ باڵندەکان.

ئیلهام عەبدوڵڕەحمان کە دەرچوویەکی زانکۆیە لە بەشی ئەندازیاری گەیاندن، ئێستا بێکارە، یەکێکە لە خۆبەخشەکانی هەڵمەتەکە باس لەوە دەکات کە زۆر دڵخۆشە بەشدارە لە هەڵمەتی ڕووکردنی دانەوێڵەدا لەسەر بەفر بۆ باڵندە برسییەکان لەم وەرزەدا کە بەهۆی بەفرو سەرماوسۆڵەوە ئاستەنگیان بۆ دروست دەبێت لە دۆزینەوەی خۆراکی پێویستدا.

لەهەڵمەتی ڕووکردنی دانەوێڵە بۆ باڵندە برسییەکاندا لە ژێر ناوی "باڵندەکان هاوسەنگیی ژینگە ڕادەگرن "بەدرێژای لووتکەی چیای ئەزمەر بۆ خوارەوە، پێنج فەردە گەنم ڕوو کران. کەتێبدا چەندین چین و تۆێژی سلێمانی تێبدا بەشداربوون.

نامیق کەریم کە یەکێکی دیکەیە لە خۆبەخشەکانی ڕێکخراوەکە، لەکاتی سەرقاڵبیدا بۆ ڕووکردنی دانەوێڵە و بڵاو کردنەوەی بەسروشتدا، لەلێدوانێکدا ئاماژە بەوە دەکات، لەچوارچێوەی هەڵمەتی پاراستنی ژینگەدا ڕێکخراوی شەمالی کوردستان لەماوەکانی پێشوودا هەڵمەتی چاندنی بەڕوویان لە کێوی گۆێژە دەستپێکردبوو، ئێستاش بەهۆی سپی بوونی زەوی و کێوو دۆڵەکان، باڵندەکان بە ئەستەم دەتوانن خۆراک پەیدا بکەن، هەر بۆیە ڕێکخراوەکە هەڵساوە بە ڕێکخستنی ئەم چالاکیە و دەڵێت، "زۆر خۆشحاڵم کە بەشدارم لە هەوڵی تێرکردنی ئەو باڵندانەی لە سروشتدان و بەهۆی سەرماو بەفرەوە برسی بوون، تاکو بیانپارێزین لە فەوتان."

دڵێر ئەحمەد بەڕێوەبەری لاوانی شاوێس بۆ «خەبات»:
لەسنووری ئێمە خەڵکێکی زۆری ڕۆژئاوای کوردستان بۆ ئەنجامدانی چالاکیی وەرزشی و هونەری سەردانمان دەکەن

ئا-سەرهەنگ نەجمەدین:

بەڕێوەبەرایەتی لاوانی شاویس سەر بە بەڕێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیەکی لێهاتوو و چالاکە لەبەڕێوەبردنی کارەکانی، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە چەندین فەرمانبەری لێهاتوو لەخۆدەگرێت و لەکاتی بەشداریکردنیان لەهەر خول وپاڵەوانیەتیەک لەسەر ئاستی ناوەندەکان ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەمیشە دەستکەوتی بەرز بەدەست دەهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە و تیشک خستە سەر چەند تەورێکی گرینگی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دلێر ئەحمەد عەبدوڵا بەڕێوەبەری لاوانی شاوێس لەبارەی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان بۆ خەبات ڕایگەیاند: بەهاوکاری و پاڵپشتی بەڕێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر بەپێی بەرنامەوپلانی سالانە بەشداری لەسەرجەم چالاکییە وەرزشییەکان و هونەرییەکان دەکەین، ئەگەرچی چالاکییەکان بریتین لەوەرزش و فێرکردنی سەرتاشین و خولی دروستکردن و فێرکردنی مۆسیقا و چەندین چالاکیی تر کەنامەوێت ئاماژە بۆ هەمووان بکەم، بەڵام شتێک هەیە کەپێویستە بۆ هۆشیارکردنەوەی لاوان لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیش ئەمساڵ توانیومان هەڵمەتێکی بەڕەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لەناوەندەکەمان بۆ چینی لاوان و تازەپێگەیشتووانانی ناوچەکە لەڕێگەی سیمینارێک کەکەسانی شارەزا و پسپۆر ساز بکەین و لەلایەن ئەو پسپۆر و شارەزایانە وانەکان گوترایەوە، هەمیشە هەموو بەشداربووەکان سوودێکی یەکجار زۆریان سیمیناڕەکە بینی ، مەبەست لەکردنەوەی ئەم سیمیناڕە تەنها بۆ نەهیشتن و تەشەنەنەکردنی ئالوودەی ماددە هۆشبەرەکانە کە لەم ماوەیەدا لەوڵاتی عێراق سەری هەڵداوە و چینی لاوەکان زۆر ڕوویان تێ کردووە، بەتایبەتی لەخوارووی عێراق ئەم دیاردەیە بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی و ڕۆژانە سەدان لاوی ئەو وڵاتە تووشی زیانی جۆراو جۆر دەبن لەڕووی تەندروستیەوە.



هەر لەبارەی وەرگرتنی هاوکاری لەلایەن بەڕێوبەرایەتی لاوانی هەولێر دلێر ئەحمەد گوتی: بەسوپاسەوەسالانە بەڕێوبەرایەتی لاوانی هەولێر هاوکاریەکی باشی ناوەندەکان دەکات، بەڵام ئێستا بەهۆی قەیرانی دارایی هاوکاریەکە لەسەدا پەنجا کەمبۆتەوە، ئەگەرچی ڕێکخراوی یونیسێف بەرێژەیەکی باش هاوکارمان بووە لەپرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کەبەهۆی قەیرانی دارایی نەمانتوانیوە چالاکییەکان زۆر بەفراوانی ئەنجام بدەین و ئەو ڕێکخراوە کەمێک لەئازارەکانمانی کەمکردۆتەوە.

سەبارەت بەئەو کەسانەی کەسەردانی ناوەندی لاوانی شاوێس دەکەن دلێر ئەحمەد بۆ ئەم پرسەش وەڵامی داینەوەو گوتی: بێگومان سنووری ناوەندی شاوێس سنورێکی فراوانە، ڕۆژانە لەهەردوو ڕەگەزی کورِ وکچ سەردانمان دەکەن، بەتایبەتی ئەم چەند ساڵە ڕێژەیەکی زۆری ئاوارەکانی ڕۆژئاوا کەلەم ناوچەیە نیشتەجێن سەردانمان دەکەن بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی وەرزشی و هونەری وفێربوونی دۆرمان و فێربوونی مۆسیقا.



مسلم دۆلەمەری

ئەو هۆکارانە چین کە وادەکەن منداڵان پەنابەنەبەر،کاری نەشیاو بۆگەیشتن بەحەزەکانیان

هەموومان دەزانین کەدزی کردن کارێکی ناپەسندو ناشرینە بۆمرۆڤ جالەهەرتەمەنێک ولەژێر هەر بیانوێەک بێت، چونکە مرۆڤ بەهۆی ئەم کرداڕە ناشرینە هەردەم لەنێو خێزان وکۆمەڵگاکەشیدا بەکەسێکی کەموکەسا یەتی نزم تەماشای دەکرێت و ە بەهۆیەوە بەرەو هەڵدێری کۆمەڵایەتی بەگشتی دەچێت . بەڵام من لەم بابەتەمدا بەکورتی باس لەدزی کردن لەلایەن منداڵ دەکەم کە دزی کردن لەلایەن منداڵ کارێکی زۆر ترسناکە بۆسەر ژیان ودوارۆژی منداڵەکە ،چونکە منداڵان هیواو دووارۆژی هەرگەلێکن وەبناغەو پێشوە چونی گشت گەلانی جیهانن ، بۆیە پێویستە منداڵان بەباشترین شێواز پەروەردە بکرێن . بەڵام زۆر جاریش دەبینین هەندێکیان لەخێزانێکی زۆر باشو خاوەن کەسایەتین بەڵام کاری زۆر ناڕەواش ئەنجام دەدەن. ئەگەر بڵێین منداڵان یان ئەوانەی کەدزی دەکەن لەتەمەنێکی زوودا بۆچی ئەم کرداڕە ناشرینە ئەنجام دەدەن؟ بێ گومان مرۆڤ لەم پرسیارەدا چەندین وەڵامی جۆراو جۆری دێتە سەرزار بەڵام هۆکاری سەرەکی دزی کردن لەلایەن منداڵ لەتەمەنی زوودا دەگەڕێتەوە بۆ تێر کردنی حەزەکانی ئەویش بەشێوەیەکی دوور لەبیر کردنەوەی ئەوەی کەدزی دەکا یان بڵێین شتێک دەدزێت ، کاتێ دزی دەکات وابیر دەکات کە (فێلێک) یان کارێکی باش ئەنجام دەدات بۆیەیدا کردنی پێویستیەکانی خۆی و ئەم کرداڕە زۆر بەباش دەزانێت . ئەمە رووەدات زیاتر لەپێش تەمەنی هەرزەکاریدا واتە هەر کەمنداڵ فام دەکات و هەست بەخواس تو داواکاریەکانی دەکات وبەڵام ئەمەش لەبیر نەکەین کەزۆر جارهۆکارێکی گرنگی پاڵنەر بۆئەم کرداڕە هەیە کەوا دەکات منداڵ هانا بۆدزی کردن ببات ، ئەویش تێرنەکردن و دابین نەکردنی پێداویستیەکانی منداڵ بەپێی پێویست لەلایەن خێزانەوە کەوادەکات منداڵ زیاتر هانا بۆکاری ناڕەوا ببات بۆبەدی هێنانی ئارەزوەکانی خۆی .بەڵام بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کەلەسەر منداڵان کراوە بۆدزی کردن لەدووای تەمەنی زودا واتە لەتەمەنی هەرزەکاریدا کەلەو تەمەنەدا منداڵان داواکاریو خواستەکانیان بەرێژەیەکی زۆر بەرزدەبێتەوەو کاری دزی کردنیش لەم تەمەنەدا رێژەی بەرەو بەرز بونەوە دەچێت بۆسێ هۆکاری سەرەکی دەگەڕێننەوە ئەویش (تەمەن ژ ڕەگەز ژ قەباری خێزان)

تەمەن: منداڵ لەتەمەنی هەرزەکاریدا زۆر پەنابۆدزی کردن دەبات ،چونکە لەم تەمەنەدا واتە تەمەنی هەرزەکاریدا منداڵ هەمیشە هەوڵ دەدات خۆی بگەیێنێتە ئەو پەری پەسەندی کۆمەڵایەتی بەبێ ئەوەی بیر لەکەسایەتی و کاری خراپ بکاتەوە تەنها بیرکردنەوەی لەوە دەبێت کەئارەزوەکانی دابین بکات و خۆی لەنێو کۆمەڵگادا بەکەسێکی شیاو پیشان بدات.

ڕەگەز: وەکو دەرکەوتوە کەدزی کردن جیاوازی هەیە لەنێورەگەزەوە چونکە لەبەر ئەوەی کەرەگەزی نێر هەمیشە کەشوهەوایەکی ئازاد تری هەیەلەرەگەزی مێ بۆچونە دەرو گەران وە داواکاری وخواستەکانیشی لەرەگەزی مێ زیاترە بۆیە زیاتر توشی ئەم کارە ناڕەوایە دەبێت. ئەمانەی سەرەوە بەکورتی ئەوهۆکارانەبون کەمنداڵ پێی توشی ئەم کرداڕە ناشرینە دەبێت . وەلەدەر ئەنجامدا ئەم منداڵە بەکەسێکی کەسایەتی نزمەو کەسێکی ناپەسەند دێتە بەرچاو لەنێو خێزان وکۆمەلگاکەی بەگشتی جابۆیە زۆر پێویستە هەموومان بەیەکەوە هەول بدەین منداڵە کانمان لەسەر بنەمایەکی زانستی وتەندورست باش پەروەردەبکەین وەبەپێی توانامان خواستو ویستەکانیان بەدی بهێنین بۆئەوەی ببینە خاوەن نەوەیەکی ساخلەموو باش بۆخۆمان وکۆمەلگاکەمان.



ئاڵوودەبوون بە (پۆپجی) و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕۆڵەکانمان و بێ ئاگاداربوونمان

هۆزان بورهان ئیسماعیل*

پەرەسەندن و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بە شێوەیەکی فراوان لە نێو یارییە ئەلیکترۆنیەکان، بەکارهێنانی لەلایەن گەورە و بچووکەکان،کاریگەری زۆری هەیە لەسەر لایەنی دەروونی و تەندروستی وایان لێدەکات کە ئاڵوودەبن پێیەوەو نەتوانن وازی لێبهێنن.

لەم ساڵانەی دوایی یارییە ئەلیکترۆنیەکان کاریگەری خراپی زۆریان هەبوو لەسەر دەروون و لایەنە کۆمەڵایەتیەکان. یەکێک لەو یارییانەی کەوا زیاتر کاریگەری هەیە لەسەر مێشک و ئەقڵی تاکەکانی کەمەڵگا یاری (پۆپجی)یە، ئەم یارییە ناوێکی زۆری دەرکرد لە نێو یارییەکان و لە نێو گەنجان بە ماوەیەکی کورت لە سەرهەڵدانی لە هەموو لایەکی جیهان. دەبینین کەوا هەموو ڕەگەزێک بەم یارییە هەڵدەستی و ئەنجامی دەدات، ئەم یارییە لەهەموو یارییەکانی تر کاریگەرو سەرکەتووتر بوو لە نێو هەموو یارییە ئەلیکترۆنیەکان لە گۆڕەپانی یاری وە بووە هۆکاری کوشتن و نانەوەی کێشەی گەورە لە هەموو لایەکی دنیا.

یاری (پۆپجی)چییە و چۆن سەری هەڵداوە؟

لەم ساڵانەی ئێستا یاری پۆپجی لە گۆڕەپانی یارییە ئەلیکترۆنییەکان سەری هەڵدا.)پلایەرایر ئەننۆنز باتڵ گراوندز) PUBGیان (گۆڕەپانی شەرانگێزی یاریکەرە نەناسراوەکان) لە ڕێکەوتی 23 ئاداری 2017یەکەم ڤێرژنی هاتە وەشاندن. یارییەکە بریتیە لەوەی کەوا دووباری کەری شاراوە (بزر)، لە (گۆڕەپانی جەنگ) دەجەنگن، بە جووت و بەکۆمەڵیش دەکرێت، یارییەکە بریتیە لە جۆرەها شێوەی (جەنگ) تێیدا چەند یارییەکەرێکی جیاواز، دێنە ناو یارییەکە لە هەموو لایەکی دونیا لەرێگای ئینتەرنێت لە هەرجارێک یان یارییەک دەتوانرێت(١٠٠) یاریکەر بەشدار دەبێت. نەخشەکە پریەتی لە کەل و پەل و چەکی جۆراو جۆری جەنگ کردن. لەیەکتر دەدەن تاوەکو هەموویان دەمرن لە کۆتایی تاکە کەسێک یان تیپێک دەمێنێتەوە لەنیوان هەموو یاریکەرەکان. (پۆپجی) بۆتە هۆیەک بۆ یەکترناسین و دیاری کردنی کاتی پێک گەیشتن. وە بەرێگەی ناردنی دەنگ یان قسەکردن لەگەڵ یەکتری.

هۆکاری هەستان بەیاری پۆپجی و ئاڵوودەبوون پێیەوە.

هۆکاری سەرەکی هەستان بەم یارییە، کات بەسەربردنە بەبێ ئەوەی هەست بە زیانەکانی بکرێت، کاتی بۆشایی واتە بێ کاری، نەبوونی هیچ کارێک، کەوا پێیەوەی خەریک بیت، کێشەی کۆمەڵایەتی، هاوڕێ ی خراپ. کێشەی خێزانی بە پلەی یەکەم دێت. یاخود گرنگی پێ نەدانی لەلایەن هاوڕێکانی. ئەمانە هەموویان هۆکارن بۆ پاڵنانی تاک بۆ هەڵسان بەئەنجام دانی ئەم یارییەو خۆ خەریک کردن پێیەوە.

کاریگەرییە بەهێزەکانی ئاڵوودەبوونی تاک بەم یارییە.

گەورەترین کاردانەوەی خراپی هەیە لەسەر (دەماغ)واتە مێشک.هەروەک چۆن هەندێ حاڵەت کاریگەری بەهێزی هەیە لەسەر دەماغ، چونکە ئەم یارییانە دەبنە هۆی دەردانی (هۆرمۆنی دومبالین) کە وا دەکات تاک یان کەسەکە (ئاڵوودەبێ) و توانای بیرکردنەوەو بەئاگایی نامێنێ، زوو هەڵدەچێ، وە کاریگەری دەبێت لەسەر پچرانی پەیوەندی خۆشەویستی و دڵ نەرمی نامێنێ، کاریگەری لەسەر تەندروستی دەبێت و خەوی دەرزێ و تێک دەچێت.وە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر بربڕەی پشت، وە هۆکاری سەرەکییە لە پچرانی پەیوەندیە کەسیەکان، وە پشتگوێ خستنی ئامۆژگاری خێزان.

تاقی کردنەوەی کەسایەتی تاک بۆ ئارام گرتن لەسەر یاری پۆپجی.

ئەم یارییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا تاک تا چەند دەتوانی ئەم یارییەی بەدەستبهێنێ. کەواتە ئەوکەسەی کەوا ئاڵووەدەبێ بەم یارییە هیچ سەبر و ئارامی نامێنێت.

کاردانەوەی دەروونی لەیاری پۆپجی قۆناغی یەکەمەوە بۆ ئاڵوودەبوونی دەروونی

تێکەڵاوبوونی تەواو بەم یارییە و لە دەستدانی هۆشی ئەوکەسەی یارییەکە ئەنجام دەدات.

گۆینەدان بەو کەسانەی لە دەوروبەری دان.

لەکاتی پەیوەندی کردن، داخستنی مۆبایل بەڕووی ئەو کەسەی کەوا پەیوەندی پێوە دەکەن، تەنها لە پێناو ئەوەی کەوا سەرکەوتنی کەسەی پەیوەندی پێوە دەکات.

بەسەربردنی کاتێکی زۆر بەدانیشتن بە دیار مۆبایل.

جێبەجێنەکردنی پێداویستیەکانی خێزانەکەی و خۆحەشاردان لە ژوورێک بە تەنها بۆ یاری کردن لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکانێک لە ڕێگای یاری (پۆپجی).

سەرکەوتنی تاک لە یەکەم یاری، دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ بەردەوام بوون و ئاڵوودەبوون بە یاربییەکە.

دووڵی و دڵە راوکێی دەروونی و هەڵچوون بەرامبەر بە خۆی و کەسانی بەرامبەری کاتێک سەرکەوتن بە ئەنجام ناگەیەنێ.

بیرکردنەوە لە کۆتا یاری کەوا ئەنجامی داوە یاخود دادەنیشێ بە دیار ئەنتەرنێتەوە و چاوەڕێ ی یاریەکی تر دەکات.

درۆکردن لەگەڵ هاوڕێ و ئەندامانی خێزانەکەی دەربارەی ئەو کاتانەی کەوا بە یاری پۆپجیەوە بردوویەتیە سەر.

هەست کردن بە ژانەسەری زۆر بەهۆی ئەوەی کەوا زۆر بیری خستۆتە سەر یاربییەکە و چاوەکانی ماندووبوونە.

نەنوستن تەنها کاتێک کە یاربییەکە تەواو دەبێت، یاخود هاوڕێکانی نایانەوێت یاری بکەن.

گیروگرفتی خێزانی کاتێک یەکێکیان هەر خەریکە بە یاری پۆپجی و گوێ نەدان بە کاتی پێویست بۆ یەکێکیان یان بۆ هاوڕێیان یان خزم و کەسان بۆ کات بەسەربردن.

دروست بوونی گومان وهەست پێکردنی کاتێک کەوا ماوەیەکی زۆر خەریکی یاری

گەورەترین کاردانەوەی خراپی هەیە لەسەر (دەماغ)واتە مێشک.هەروەک چۆن هەندێ حاڵەت کاریگەری بەهێزی هەیە لەسەر دەماغ، چونکە ئەم یارییانە دەبنە هۆی دەردانی (هۆرمۆنی دومبالین) کە وا دەکات تاک یان کەسەکە (ئاڵوودەبێ) و توانای بیرکردنەوەو بەئاگایی نامێنێ

یاربییەکەی بەدەستبهێنێ. کەواتە ئەوکەسەی کەوا ئاڵووەدەبێ بەم یارییە هیچ سەبر و ئارامی نامێنێت.

کاردانەوەی دەروونی لەیاری پۆپجی قۆناغی یەکەمەوە بۆ ئاڵوودەبوونی دەروونی

تێکەڵاوبوونی تەواو بەم یارییە و لە دەستدانی هۆشی ئەوکەسەی یارییەکە ئەنجام دەدات.

گۆینەدان بەو کەسانەی لە دەوروبەری دان.

لەکاتی پەیوەندی کردن، داخستنی مۆبایل بەڕووی ئەو کەسەی کەوا پەیوەندی پێوە دەکەن، تەنها لە پێناو ئەوەی کەوا سەرکەوتنی چارەسەرکردن و دوورکەوتنەوە لە ئاڵوودەبوون بە یاربییە ئەلیکترۆنییەکان.

هاوکاری کردن و هەڵس و کەوت کردن و پەیوەندی بەتینی نێوان منداڵان و دایباب هۆی سەرەکییە بۆ زۆر نەچوونی منداڵان بۆ نێو یاربییە ئەلیکترۆنییەکان .

بەکارهێنانی توانەکان بۆ دەربازکردن منداڵان لە هەڵس و کەوتی نابەجێ بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و ڕاست و دروست.

یارمەتی دانی منداڵان بۆ بەسەربردنی کاتی بێ کاری یان کاتی پشوو وە دوورخستنەوەیان لە دانیشتنی بەردەوام لە پێش شاشەی تەلەفزیۆن و کۆمپیەتەر و یاربیە ئەلیکترۆنییەکان بۆ ماوەی دوور و درێژ. وە خەریک کردنیان بە یاری وەرزش و فێرکردنیان بە شێوەیەکی بەردەوام و هەڵسان بە گەشت و بردنە دەرەوەیان بۆ گەشت و کاتێکی خۆش لە گەڵ هاوڕێیان لە دەرەوەی خێزان، بە گوێرەی تەمەنیان و یاربیە شیاوەکان بە پێی تەمەنیان.

دووركەوتنەوەی خێزان لە سزادانی منداڵان لەسەر شتی نابەجێ، بەڵکو دەبێت بە نەرم و نیانی و تێگەیشتن چارەسەری داواکاریەکانیان بکرێت.

فێرکردن و تێگەیاندنی منداڵ، هەر لە سەرەتای تەمەنی بەوەی کەوا کات پێوەری ژیانە. واتە ڕاهێنان و فێرکردنیان لەسەر دابەشکردنی کاتەکانیان. ڕۆژانە چ لەسەر لایەنی فێرکاری بێت یان لە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان بێت وە دانانی کاتێکی کەم و کورت بۆ سەیرکردنی کۆمپیەتەر یان یاربیە ئەلیکترۆنییەکان کەوا لە ٣٠ خولەک زیاتر نەبێت، چونکە ئەم سەردەمە ، سەردەمی تەکنەلۆجیا و کۆمپیوتەرە. وەتەرخانکردنی کاتی خوێندن و فێربوون لەگەڵ ئامادەباشی هۆیەکانی هاندانی منداڵان و خۆشەویستکردنی قوتابخانە و خوێندن لای منداڵان.

چاودێری کردنی خێزان بۆ منداڵان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست نەبێتە هۆی دروستکردنی لایەنی هەستکردنی منداڵان بە چاودێریکردنی توندی.

گەشت کردن و دەرچوونی خێزان ناوە بەناوە بۆ شوێنە خۆش و گەشتیاریەکان

نارەزی منداڵان بۆ خوولی فێربوونی (زمان، زانست، بیرکاری، هونەری) .....هتد.

* زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر



بۆچی پەروەردە پێش فێرکردنە؟

بەکر کەریم حەسەن*

فەیلەسوفی بەناوبانگی یۆنانی سوقرات دەڵێ: (پەروەردەی ڕەوشتی گرنگترە بۆ مرۆڤ لە نان و جل و بەرگ).

دوای چەند ڕۆژێکی تر قوتابییە خۆشەویستەکانمان دوای پشووی وەرزی یەکەم دەگەڕێنەوە قوتابخانە و پۆلەکانی خوێندن، کە قوتابخانە ئەرکی زۆر قورس وهەستیار و کاریگەرە. نابێ لە بیرمان بچێت قوتابخانە بەرپرسیاریەتی وێژدانی ومێژوویی دەکەوێتە ئەستۆ لە پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵەکانمان، بەڵام کامەیان پێش ئەوەی تر، بێگومان پەروەردە پێش فێرکردنە، چونکە پەروەردە پارێزگارییە و خۆ پاراستنە، پرەنسیپە، بەهایە، ڕاستگۆییە، دڵسۆزییە، ئەوەی ووشە و چەمک وگوفتار و کرداری جوانە پەروەردەیە، بێگومان فێرکردنیش بەهەمان شێوە، بەڵام پەروەردە و فێرکردنە، گەر تەماشای ناو و ناونیشانەکان بکەین دەڵێ وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی ..... ، کەواتە کار و ئەرکی سەرەکی قوتابخانە سەرەتا پەروەردە کردنە ئینجا فێرکردن. ئەوەی لە ناوەوەی پەرژین وشورەی قوتابخانەکان گوێ بیست دەبن و دەمانەوێ ببینین ئەوەیە ئەرکی مامۆستا دەبێت پەروەردەکاری بکات ئینجا مامۆستایەتی، هەر لە سەر دەستی مامۆستایە قوتابی پەروەردە دەکرێ لەسەر دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و متمانە بەخۆبوون و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی و ڕێزگرتنی یاسا و ڕێنماییەکانی وولات و یەکتر قبوڵ کردن و ووتوویژ و گفت و گۆکردن و ڕەخنە لە خۆ گرتن و هاووڵاتی بوون و خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمان و هاووڵاتیان هەموو ئەوانە و چەندان بنەما و بەها و چەمکی تر کە پێویستە قوتابی لە قوتابخانەکان لەسەریان پەروەدە بکرێ لەلایەن مامۆستا دڵسۆزەکان، ئەوکات مامۆستا ڕۆڵی دەبێتە ڕۆڵی پەروەردەکارێکی ئاراستەکراو هاوڕێی قوتابی، بەڵام لە بیرمان نەچێت ڕۆڵی بەرێوەبەرایەتی پرۆگرامەکان دەبێت کاریگەر بێت و بوونیان هەبێت، واتە پرۆگرامی زیندوو هەبێت بۆ پەروەردە کردنی قوتابییە خۆشەویستەکانمان لە سەر هەموو بنەما و بەها پەروەردەیی جوان کە بەدرێژایی ژیان لەگەڵ قوتابییەکان گەورە و گەورەتر دەبن، ئەوەش لە خزمەت پرۆسەکە و کۆمەڵگەی کوردەوارییە، جگە لەوەش خاڵی وەرچەرخان و چەقی قورسایی بەرپرسیاریەتی وەزارەتی پەروەردەیە بەرچاوی قوتابییەکانمان و نەوەی داهاتوو کە هەردەم گرنگی و بایەخ دەدەن بە چاندنی بنەما و بەهای مرۆڤایەتی خانەدانی، ئەوا ئەوە کات دەڵێن بەڵێ قوتابخانەکان بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن پەروەردەی منداڵەکانمان دەکەن ئینجا فێریان دەکەن، چونکە پەروەردە و فێرکردن هەردووکیان بە بنچینە دا بەتایبەتی پرۆگرامەکان تا چەند توانیویانە نەوەیەکی زیندووی بە ئاگا و بارگاوی کراو بە بەها پەروەردەییەکان پەروەردە بکات، کە پەروەردە پێش فێرکردن ڕۆڵی دیت و مامۆستاش ڕۆڵی پەروەردەکاری بینی و قوتابییە خۆشەویستەکان هەستیان کرد ئەوا قوتابخانەکەیان هەردەم بۆتە منارەیەکی ڕۆناکی بەخش بۆ ڕۆشن کردنەوەی بەر دید و پەیامی کاریگەر و گەورەن، کە هەردەم مامۆستاکانمان دەبێ زۆر بە هەستیاری و پاڕێزراوی و دڵسۆزی ئەو پەیامە بگەیەنن و ببەخشن لە پێناو تێگەیاندن و پێگەیاندنی نەوەیەکی کارا و زیندوو بۆ کۆمەڵگە، کە سەرەتا لە پەروەردە دەست پێ دەکات ئینجا فێرکردن.

* بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر



1452 خوازیار تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزییان ئەنجامداوە

خەبات / ڕۆشنا عەلی: لەهەریەک لە زانکۆکانی سلێمانی و صەڵاحەدین و سلێمانی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی سەنتەری زمان ڕاگەیەنرا ، کەکۆی گشتییان 1452خوازیارە لەو بارەیەوە د. محمد حوسێن سەرۆکی لێژنەی پێداچونەوە بە مەرج و ڕێنماییەکانی سەنتەری زمانی ئینگلیزی لە زانکۆکانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بە سایتی (www.mhe-krg.org)ڕاگەیاند: دوای ئەوەی لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ خوازیارانی دبلۆمی باڵا و ماستەرو دکتۆرا کە ڕۆژی (١٨/١/٢٠٢٠) ئەنجامدرا دەتوانن لەڕێگەی ویبسایتی زانکۆکانیانەوە ئەنجامەکانیان وەربگرنەوە.

هەروەک وتیشی: کۆی بەشداربوان لە تاقیکردنەوەکانی دیاریکردنی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی لەسەنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی سەڵاحەدین و سلێمانی و دهۆک بریتیە لە (١٤٥٢) بەشداربو، کە (٤٨٩) لە زانکۆی سەڵاحەدین و (٦٥٧) لە زانکۆی سلێمانی و (٣٠٦) لە زانکۆی دهۆک بووە.



گرنگی بانگهێشتکردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆڕبەندی جیهانیی داڤۆس

د.پەروێز رەحیم: پێشوازی ئاست بەرزی سەرۆکی ئەمریکا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی هەرێمی کوردستان بوو

هۆشمەند ڕەفیق: لەڕووی پرۆتۆکۆلییەوە ئاڵای کوردستان لە تەنیشت ئاڵای ئەمەریکا و عێراق وەک پێشوازی سەرۆکی دەوڵەتێک بوو



خەبات: تریفە ئازاد

لە گەڕی ئەمسالّی کۆڕبەندی داڤۆس،7پرسی جیهانی تاوتۆ کران: گەرمبوونی گۆی زەوی، ئەگەرەکانی سوتانی دارستانەکانی ئوسترالیا و ئەمازۆن، گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و پرسی ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی وڵاتانی **1+5**و ئێران، خستنەخوارەوەی فڕۆکەی مەدەنیی ئۆکرانی لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێران، پرسی ئابووری نێوان ئەمریکا و چین، ناکۆکییەکانی نێوان ئەمریکا و وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا، هەڕەشە تەندروستییەکان لەجیهاندا.لە کۆڕبەندی ئەمسالّدا نزیکەی (**224**)پانێڵ و دیدار و کۆبوونەوەی ئەنجام دەدرێن و (**774**) بەشداربووی کۆڕبەندەکە بە وتار و بەشداری پانێڵ و کۆبونەوە قسە دەکەن. شایانی باسە ئەمسالّ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری کۆڕبەندەکەبوو و لەگەڵ دۆنالّد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا کۆبووەوە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکا و چۆنیەتی هێنورکردنەوەی گرژییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و هەڵوێستی هەرێم دەربارەی پرسە هەرێمی و جیهانییەکان تاوتوێ کرا. ئەم کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی و دۆنالّد ترامپ لە لایەن میدیاجیهانی و کوردستانی و عێراق ڕەزو و گرنگ نرخێنرا، چونکە دەرەنجامەکانی ئەم کۆبوونەوەیە سیاسەت و نەخشەڕێگای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وێناکرا. شایانی باسە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پانێلێکدا بە ناونیشانی "ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی ناسەقامگیر" باس لە قەیران و ئاڵوگۆڕییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کرا، کە بوونەتە سەرچاوەی ترس و نیگەرانییەکی گەورەی جیهانی و ناوچەیی. هەروەها نێچیرڤان بارزانی لەم پانێلەیدا تیشکی خستە سەر کاریگەرییەکانی قەیرانی ئێستای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەسەر ئاشتی و سەقامگیری کەندا و، عێراق و سووریا.

هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو ئەکتەرە بێت کە جێگەی عێراق بگرێتەوە بۆهێزەکانی ئەمریکا

د.پەروێز رەحیم، قادر مامۆستا لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی لە کۆڵێژی زانستە سیاسییەکان ـ زانکۆی سەلاحەدین لە بارەی بەشداری کردنی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆڕبەندی جیهانیی ئابووری(**WEF**) یاخود داڤۆسکە نزیکەی **2800** سیاسەتمەدار لە **50**وڵاتی جیهان و هەروەها نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمپانیا و کۆمەڵگەی مەدەنی و زانا و هونەرمەند و کەسانی ناسراوی **117**وڵاتی جیهانی بەشداریان تێدا کردووە لەم کاتەدا بەچەندین هۆکار گرنگی تایبەتی هەیە:بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاوە پێشوازی لێدەکرێت و بەجیا لە سەرۆک کۆماری عێراق دادەنیشن و گفتوگۆ دەکەن لەپاڵ دانانی ئاڵای کوردستان کە لەڕووی سیمبۆلی و دیپلۆماسییەوە بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە.دیداری سەرۆک ترامپ و سەرۆک هەرێمی کوردستان دەرخەری ئەوەیە کە لەلایەک هەرچەندە کوردستان دەوڵەت نییە بەڵام هەرێمی کوردستان پێگەیەکی بەرزی لە ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هەیە و لەلایەکی تریشەوە پەیامێکە بۆ عێراق کە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو ئەکتەرە بێت کە جێگەی عێراق بگرێتەوە بۆ یەزەکانی ئەمریکا و هەروەها پاداشتی ئەوەیە کە بەشداریان لە دەنگدان لەسەر بڕیاری پەرلەمانی عێراق بۆ دەرکردنی هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانان بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی نەکردووە و بۆیە دیانپارێزین. بەتایبەتی لەپاش ئەوەی کە ئێران چەند موشەکێکی ئاراستەی بنکەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە هەولێر کرد.



د.پەروێز رەحیم



هۆشمەند رەفیق

گرنگیپێدانی ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتییەکان بەگشتی و میدیای ئەمریکا بەم دانیشتنە دیوێکی تری گرنگیی ئەم دیارەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە..

د.پەروێز رەحیم، هەروەها گوتی:

کۆبونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای وڵاتان لەم کۆڕبەندەدا دووبارە دەرخەری ڕۆڵ و پێگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەروەها پێگەی ستراتیژی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە جیۆسیاسیەکانی عێراق و ناوچەکەیە. هەروەها دەرفەتێکیشە بۆ هەرێمی کوردستان کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان تووندوتۆڵتر بکات و دەرچەی نوێ بۆ هەماهەنگی و هاوکاری لە بواری جۆراوجۆرەکاندا بینێتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەم کۆڕبەندە و گرنگییەکەی لەڕووی ئابوورییەوە دەتوانێت دەرفەتێک بێت بۆ هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ کۆمپانیا و وڵاتانی تر پەیوەندی بەهێز ببەستێت و سەرەنجیان بۆ وبەرهینان لە کوردستان ڕابکێشێت کە ئەمەش جگە لە لێکەوتەی ئابووری کاریگەری لەڕووی سیاسییەوە دەبێت.وپێشوازی ئاست بەرزی سەرۆکی ئەمریکا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی هەرێمی کوردستان بوو لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی هاوپەیمانی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان کە بەهۆی ڕووداوەکانی **16**ی ئۆکتۆبەری سالّی **2017**لە ئەمریکا نیگەران ببوون. لەلایەکی تریشەوە پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سوپاسکردنی ئەمریکا بۆ پالّپشتی کوردستان لەڕووی دیپلۆماسییەوە گرنگی تایبەتی هەیە بۆ ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار و ڕای گشتی ئەمریکا. جگە لەمانەش جەختکردنەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر تێکشکاندنی داعش بە هاوبەشی کورد و ئەمریکا خاڵی زێرینی پەیام و وتەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییە.وبەشداری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پانێلێکی تایبەت سەبارەت بە ئاسایش و سەقامگیری و پرسەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەربڕی ئەوەیە کە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە چارەسەرکردنەکان و هەروەها ڕوانگەی هەرێمی کوردستان ئێستاداهەرێمی کوردستان چۆتە سەر نەخشەی جوگرافیای نەوتی جیهانی و لە یاریە سیاسییەکانی ناوچەکەش بەشداری پێدەکرێت، بۆیە دەرفەتێکی گرینگ بوو کە کۆبوونەوەکان بقۆزرێنەوە بە ئامانجی ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان، لە پێناو بوژانەوەی کەرتە ئابوورییەکان بە گشتی، بێگومان ئەگەر پەراوێزی کۆبوونەوەکاندا یاداشتنامەی لە یەکگەیشتن یا ڕێککەوتنامە واژووکرا بێت لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو سەرکردەی ئەو وڵاتانەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵیان کۆبۆتەوە یا لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایانەی لەگەڵی کۆبونەتەوە ئەوە دەبێتە هۆی هاتنی سەرمایەی بیانیش بۆ هەرێمی کوردستان و ئاستی داهاتی تاک بەرز دەکاتەوەو ڕێژەی بێکاری کەمدەبێتەوەو ڕادەی گەڕخستن زیاد دەبێت و دەرفەتی کار زیاد دەکات، ئەمەش بە قازانجی کوردستان تەواو دەبێت، ڕەنگە ئەو بەشداریە ڕەنگدانەوەکەی خێرا نەبێت و ماوەیەکی بووێت، بەڵام لە داهاتوودا ئەگەر هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی ئارام و سەقامگیر بمێنێتەوە، ئەوا هانی کۆمپانیا بیانییەکان دەدات وبەرهێنان ئەنجام بدەن.

هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو ئەکتەرە بێت کە جێگەی عێراق بگرێتەوە بۆهێزەکانی ئەمریکا

د.پەروێز رەحیم، قادر مامۆستا لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی لە کۆڵێژی زانستە سیاسییەکان ـ زانکۆی سەلاحەدین لە بارەی بەشداری کردنی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆڕبەندی جیهانیی ئابووری(**WEF**) یاخود داڤۆسکە نزیکەی **2800** سیاسەتمەدار لە **50**وڵاتی جیهان و هەروەها نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمپانیا و کۆمەڵگەی مەدەنی و زانا و هونەرمەند و کەسانی ناسراوی **117**وڵاتی جیهانی بەشداریان تێدا کردووە لەم کاتەدا بەچەندین هۆکار گرنگی تایبەتی هەیە:بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاوە پێشوازی لێدەکرێت و بەجیا لە سەرۆک کۆماری عێراق دادەنیشن و گفتوگۆ دەکەن لەپاڵ دانانی ئاڵای

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر بەناوی زانیار نزهت عزیز وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێستی کۆمپانیای لازانو جۆری عارەبانە مقطورە ژمارەی شاسی: WKESDP27061262765 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوك بەناوی هەردی طارق فاضل بەپلەی ر.ع وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دائرة كاتب العدل اربيل – الثانية
قسم انذار و عزل وكيل
رقم: ٥٦
التاريخ: ٢٠٢٠/١/٢٢
الانذار
المنذر/ عبدالخالق عبدالله علي
المنذر اليه/ (محمد جاسم مطر) مدير مفوض شركة العمرانية اضافة لوظيفته
المنذر اليه/ (زانا نيازى طاهر)
تم توجيهكما بالانذار من دائرتنا من قبل المنذر/ عبدالخالق عبدالله علي بانذار المرقم (١٨/٣٤١٤) فى (٢٠٢٠/١/١٩) لعدم علمنا و معرفة محل اقامتكما المجهوله بموجب اشعار مختار محلة ئاشتى و مارت شمونى بتاريخ ٢٠٢٠/١/٢١ و كذلك اشعار مختار محلة ئەفسەرانى بول بتاريخ ٢٠٢٠/١/٢٢ لذلك نبلغكما عن طريق جريدتين رسميتين، حسب الاتفاق الذى بيننا قد قمتم ببيع (٥) خمسة قطعة ارض بالارقام (٢/٨٦٥ و ٢/٨٦٧ و ٢/٨٦٩ و ٢/٨٧١ و ٢/٨٧٣) مقاطعة (١) كردجوتيار و قد استلمتم كافة المبالغ منى و لم يبقى لديكم اية مبالغ فى ذمتى لذا اخطركم بهذا الانذار عليكم ان تحضروا بتاريخ ٢٠٢٠/٢/٥ فى ملاحظية تسجيل العقارى فى عنكاوه فى الساعة (١٠) العاشرة صباحا لغرض تسجيل القطع الاراضى المذكورة اعلاه بأسمى و بخلاف ذلك فانى اضطر أن اتخذ الاجراءات القانونية بحقكم. (وقد اعذر من انذار).
چراخان محمد مصطفى
كاتب العدل الثانى

***

دادگای بەرایی بەردەرەش
العدد :٦/ك.م/٢٠١٩
التاريخ :٢٠١٩/١٢/٢
اعلان
طالب الكشف المستعجل / ياسين حسن جرجيس ــ يسكن قضاء بردرش ــ وكيلاه المحاميان (عوني محمد عثمان و فلامرز سعيد علي) .
المطلوب الكشف المستعجل ضده / المدير المفوض لشركة كومه ــ اضافة لوظيفته (كرم شكري عبدالله) شركة كومه ــ يسكن بردرش ــ حي المعروف .
اقام المدعي الدعوى البدائية المرقمة (٦/ك.م/٢٠١٩) و المتضمن الحكم بقرار الكشف المستعجل على الدائن (١m) و (٢m) و نظرا لمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك عن طريق النشر في صحيفتين محليتين للحضور امام محكمة بداءة في بردرش لابداء اعتراضاتك او مراجعة طرق الطعن بشانها بنفسك او ارسال من ينوب عنك و بخلافه تكسب القرار الدرجة القطعية بعد انتهاء المدة القانونية من تاريخ تبليغك نشرا وفق القانون .
القاضي / فرهاد سلمان حسن

***

دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە:١٣٤/ك/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٩
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (خسرو سمايل حسن)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/٢٩ بەمەبەستی دادگایی کردنت لەسەر سکالای دادخواز (هیرش عبدالله حسن) بەپێی مادەی (٣٧٧) یاسای سزا بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ ناطق شمس الدين كوخا حسين

***

دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە:١٤/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٦
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو (امير معروف حمد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/٩ بەمەبەستی دادگایی کردنت لەسەر سکالای دادخواز (حمد معروف حمد) بەپێی مادەی (٤٥٦) یاسای سزا بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ ناطق شمس الدين كوخا حسين

***

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ١٠٣/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٩
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: هەکار موسى على
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ١٠٣/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١٠ بڕیاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ هەتا هەتایی بەپێی بەشی ١/٤٠٦/ز لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بڕیاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بڕیاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە مادەی (١٤٣ و ٢٤٣/أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاكمات الجزائيه).
سەرۆك/ زرار محمود مرادخان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:١٧٤/ك/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (روان اسماعيل نوری)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٣٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٣ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٥٩/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (زينه علی خلف)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان

***

ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەڕێگای لیژنەی زیادکردنی ئاشکرا (المزايدة العلنية) هەڵدەستێ بە بەکرێدانی دوو کۆشك ژمارە ١ یەك و ٤ چوار لە پارکی (شانەدەر/١) یەك لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ١٥ یەمین ڕۆژ کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٩ لەنا دیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمينات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.
ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی
ئەندازەی پارکەکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر
بەشی/ کارگێری
ژمارە: ٢٤٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٣
بۆ/ بەڕێز (سۆزان طيب عبدالستار) فەرمانبەر
بەناونیشانی (ئەندازیاری ڕووپێو)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی مۆڵەتی هاوڕێیەتیت وەرگرت بوو بۆ ماوەی (٦) ساڵ لەڕێکەوتی (٢٠١٣/١٢/١) تاکو (٢٠١٩/١٢/١) وە دڕێژکردنەوەی ماوەی مۆڵەتەکەت بۆ کرابوو لە (٢٠١٩/١٢/١) تاکو (٢٠٢٠/١/١٣) وە دوای تەواو بوونی مۆڵەتەکەت سەردانی بەڕێوەبەرایەتیت نەکردووە بەمەبەستی دەست بەکاربوونت کە دەبوو لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/١٤) دەست بەکاربیت.. لەبەر ئەوە ئاگادارت دەکەینەوە بەزووترین کات سەردانی شوێنی کارت بکەی لە مەڵبەندی بەڕێوەبەرایەتی بەمەبەستی دەست بەکاربوون بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەرێمی کوردستانی وە بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانی بەپێچەوانەوە دادەنرێیت بە وازهێنەر (فصل) لە ڕۆژی تەواوبوونی مۆڵەتەکەت.
محمد مهدی کاکۆ
بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی خەبات
تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی خەبات
ژمارە:٣٢
ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/٢١
جاردان سەر لەنوێ تۆمارکردنەوە
بەپێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٠ پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواوی خانووبەرەی زنجیرە (١/٤٤٨ کەرتی ٤٢ کانی قرژاڵە) بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی کانی قرژاڵە کە لەژێر دەستیەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵاوکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە نامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆڕینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.
سامی حمد مجید
تێبینەری تۆمارکردنی خانووبەرەی خەبات

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی عینکاوە
١٣٢ لە ٢٠٢٠/١/٢٢
جاردانی داواکاری سەر لەنوێ
تۆمارکردنەوەی خانووبەرە
بەپێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٧ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (٤٣٤ تسلسل عینکاوە) گەرەك (دەرگە) بەناوی عیسا توما بویا کە لەژێر دەستیەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵاوکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە نامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆڕینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.
دلێر فتح الله شفيق
تێبینەری تۆمارگای خانووبەرەی عینکاوە

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی عینکاوە
١٣١ لە ٢٠٢٠/١/٢٢
جاردانی داواکاری سەر لەنوێ
تۆمارکردنەوەی خانووبەرە
بەپێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٧ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (٢١٣ تسلسل عینکاوە) گەرەك (دەرگە) بەناوی غریبە یلدا توما کە لەژێر دەستیەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆماربکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵاوکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە نامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆڕینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.
دلێر فتح الله شفيق
تێبینەری تۆمارگای خانووبەرەی عینکاوە

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە: ٣٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٦
ئاگاداری
هۆشدەر/ ايمن طارق جميل
هۆشدارکراو/ مریم شفیق توفیق
بەڕێزتان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەفەرمانگەکەمان لەلایەن (ایمن طارق جمیل) بەهۆشداری ژمارە ٢٨٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٣ سەباردت بەلابردنت لەبریکارنامەی تایبەت ژمارە ١٥٥/٣١٩٧٦ لە ٢٠١٧/١٠/٢٢ لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنت بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی بێتواتەی تازە لە ٢٠٢٠/١/١٥ لەڕێگای دوو ڕۆژنامە ئاگادارت دەکەینەوە، لەگەڵ ڕێزدا.
بۆتان کامیران میران/ دادنووسی یەکەم

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٣٢٤٢/ب/٢٠٢٠/٤
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (ايناس ياسين عبد)
داواکار (خیام معصوم عزیز) داوای ژمارە ٣٢٤٢/ب/٢٠٢٠/٤ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پاریزگای هەولێر/ ئەندازیاری + پلاس لایف بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بەدوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆیە دەبێت نامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٧ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.
دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (بیار مصطفی صالح) یا (بازرگانی گشتی - هاورده وهەنارده / تاك) بریارا گهورینا (ناڤ وجوریّ کومپانیی) دایه ژ کومپانیا (بیار مصطفی صالح) یا (بازرگانی گشتی - هاورده وهەنارده / تاك) بۆ کومپانیا (سنداف) یا (بازرگانی گشتی - هاورده وهەنارده / سنووردار) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا دەدەمێ یاسایی دا سەرەدانا ریّڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازی) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
ریّڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (IDEAL BUILD) بۆ بەلێندەرایەتی و بیناسازی/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی) ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (IDEAL BUILD) بۆ کۆمپانیای (GOLDEN KEY)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

DNO
EST - 1971

Job Title	Supply Chain Manager
Work Location	Erbil office

Job Summary:

Lead the day-to-day activities of the SCM Contracts & Procurement Section. Develop & award contracts for services for all areas of DNO Iraq and arrange for purchase of drilling, production and project material required for DNO Iraq including required transport. Liaise with DNO TS SCM on industry best practices, and contract support on major contracts & purchases. Support the GM in the development of the supply chain function into an efficient and compliant function per local and international best practice. Lead and train of personnel in the Supply Chain Department.

Please read more on the job responsibilities on our website

Required Qualifications & Experience:
- HND and/or Master, preferably technical or BA / MBA. 15+ years relevant experience;
- Good knowledge of Integrated Work Management System in Supply Chain;
- Demonstrable skills & experience in contract engineering for drilling, production & projects;
- Skills level of International Procurement Governance;
- Awareness of Best Practices in corporate and project procedures;
- Min 5 years working knowledge in more senior Supply Chain positions;
- Preference for CIPS (or equivalent) certification and experience with other International Oil & Gas Companies.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٢/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٢
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٨٧٨٤٤/هەولێر - تایبەت) جۆری (فوکس واکن) مۆدیل (١٩٩٣) ڕەنگی (سور) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (مغدید علی فرحان) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٢/٩) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ەو ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٢,٤٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٣٧٦٧
ڕێکەوت/٢٠٢٠/١/٢٢
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر بەشی قەرزار مولکی ژمارە ١/١٢١٤١ کە کەوتوەتە ك ٩٤ باداوە بەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار هندرین نوروز رشید کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی فاتی امین رشید بەبڕی/ ٧٠,٠٠٠ حەفتا هەزار دۆلار هەرکەسێ ئاوەزووەمەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ - شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١/١٢١٤١ ك ٩٤ باداوە
٢ - ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ - سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ - پێکهاتەکەی/ لەدوو خانوو، دەستووری سلێمانی خانووی قەرزار لەسەر ڕووبەری ١٠٠م٢ و خانووەکی تر لەسەر ڕووبەڕەی ١٥٠م٢
٥ - ڕووبەرەکەی/٢٥٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ - نرخی قرساو/ ٨٠,٠٠٠,٠٠٠ هەشتا ملیۆن دینار.
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٤٨/انابە/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠٢٠/١/٢٣
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٢٥٥/٤٣٧ کە کەوتوەتە کەرتی ٥ عنکاوە دەفرۆشێت، خاوەنەکەی قەرزار میراتگرانی کوچ کردوو/ کمال طاهر محمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی شیرین ابراهیم سعید بەبڕی/ ١٩٢,٣٦٣,٥١٦ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئاوەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزە
١ - شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٢٥٥/٤٣٧ ك ٥ عنکاوە
٢ - ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ - سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ - پێکهاتەکەی/ خانوویەکی ٢ طابق- یەکەم لە هول و استقبال و ٢ ژوور مطبخ و مرافق و حمام دووەم لە ٣ ژوورو حمام و مرافق
٥ - ڕووبەرەکەی/٣٧٩,٩١ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ کڕێچی بەناوی عمر عبداللە داوای کرد وەك کڕێچی بمێنێتەوە
٨ - نرخی قرساو/ ٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠ سێ سەد ملیۆن دینار.
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ١٧٧٤ / ٢٠١٨
ڕێکەوت/٢٠٢٠/١/٩
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (چەکدار محمد عساف)
ژێەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەڕێن بۆ ماوێ (١٥/پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ئێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێقەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفيذية) وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی پێن (الاجراءات القانونية الجبرية) بین
ژڤان عزیز محمد / ڕێقەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگای بەرایی سلێمانی / ١
ژمارە : ٧٢٢ / ب / ٢٠١٩
بەروار : ٢٠ / ١ / ٢٠٢٠
ئاگاداری
داواکار: لقمان محمد أمین بریکارەکەی پاریزەر بەختیار حمە سعید
داوالەسەرکراو : لطیف توفیق حسین
ئەم دادگایە لەبەرواری (٢٠١٩/١١/٢٠) بریارێکی دەرکردووە بە لابردنی فرەبەش لە مولکی ژمارە ٢٠٠/٦٥٤ کەرتی ١ ملکندی - دباشان لەبەر ئەوەی شیاوی بەش کردن نەبوو لە نێوان هاوبەشەکانی ئەم داوایە کە ناویان هاتووە، وە لەبەر ئەوەی ئێستا تۆ شوێنی دانشتنت نادیارە ئاگادارت کرنێ (الاجراءات التنفيذية) وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی پێن (الاجراءات القانونية الجبرية) بین
ژڤان عزیز محمد / ڕێقەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگای بەرایی شارەزوور
ژمارە: ٩ / ب / ٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢١ / ١ / ٢٠٢٠
ئاگاداری
داواکار : عزیز حمە صالح کریم
بریکارەکەی: چۆمان محمد امین معروف
داوالەسەرکراو : محمد محمد امین معروف
بۆ داوا لەسەرکراو (محمد محمد امین معروف) کە ئێستا نانوێشانت نادیارە ، دادگا ئاگادارت دەکات کە داواکاری سەرەوە داوای بەرایی ژمارە (٩ / ب / ٢٠٢٠) لە ڕێی بریکارەکەیەوە لە دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە و تیایدا داواکارە کە مولکی ژمارە (٢/٢٠٦٢ کەرتی ٤ زراین و کانی ڕەش) تۆمار (تملیك) بکرێت بە ناوبەوە لە تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی شارەزوور، لەبەر ئەوەی کە نانوێشانت نادیارە دادگا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە ئاگادارت دەکات کە خۆت یان بریکارێکت لە ڕۆژی دابینی ٢٠٢٠/٢/١٢ کاتژمێر ٩ / لەم دادگایە ئامادەبن وە بە پێچەوانەوە دادگا لەسەر دابینی خۆی بە پێی یاسا بەردەوام دەبێت.
دادوەری یەکەم / سوزان عبدالله صالح
***
فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی / ٢
ژمارە : ١٤١
بەروار : ٢٠٢٠/١/٢٣
ئاگاداری
بەپێی ئەو داوایەی کە لەلایەن (ئازاد رشید محمد أمین و فرهاد رشید محمد أمین) پێشکەش بە فەرمانگەکەمان کراوە خاوەنی کۆمپانیای (شاز - بۆ دروستکردنی دەرگا و پەنجەرەی P.V.C) لەبەرواری (٢٠١٩/١٠/٢) داوای تۆمارکردنی ئەو ئامێرانەی کردووە کە لە (ن. پ. / ٢) دانراون کە ئامێرەکانیان لە خوارەوە دیاریکراوە بە پێی یاسای دادنوسانی ژمارە (٣٣) ساڵی (١٩٩٨) بەکار لە هەرێمی کوردستان بڵاوەکەینەوە ، جا هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەو ئامێرانە دادەنێ لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات، بە پێچەوانەوە ناچارین کە بە ناوی داواکارەوە تۆماری دەکەین و بڕوانامەی تۆماری ئامێرەکانی پێدەدرێت .
ئامێرەکان :-
١ - ئامێری دریل / یەلماز - تورکی ژ - ٤٦٠٢ - مۆدێل / ٢٠٠١ - تایپ/ FR٢٢٢ کارەبایی .
٢ - ئامێری مشار بۆ بڕینی مواد - P.V.C ژ - ١٥٠٠٣٧٥ - تایپ / SD١٥ - کارەبایی.
٣ - ئامێری شرحی ناوەڕاست / ئەڵمانی - ژ - ٠٠١٦٠٤ - تایپ - ٧ - ١ - ٩ کارەبایی .
٤ - ئامێری شەرحی گۆرینی هەوا جۆر - PERTICI - ژ - ٠٠١٦٠٥ - تایپ - ٣ - ١ - ٩ - کارەبایی .
٥ - ئامێری شرحی نەرماوە و کیلۆن / جۆر - sharing - ئەڵمانی - ژ - ٩٠٣٧٤ - تایپ / G٠٥ کارەبایی .
٦ - ئامێری بڕین و کونکردن جۆر - - max MULTI - ئەڵمانی - ژ - ٩٧٠٢١٤٤٤ - تایپ - wshGL٢ - BSD.
٧ - ئامێری لەحیم کردنی گۆشە - جۆر - توربیان / ئەڵمانی ژ - ١٥٣٨٤ - تایپ - AKS - کارەبایی .
٨ - ئامێری صافکردن و لابردنی زیادەی لەحیم / ئەڵمانی ژ - ٣٠٩٤٠ - تایپ - ١P/٣٠٠ - کارەبایی.
٩ - مێزی کارەبایی و هایدرولیکی بۆ کۆکردنەوەی بەرهەم ژ - ١٣٤٢ - تایپ - ٢٥٠٥ BT - کارەبایی.
١٠ - کۆمپرێسەری هەوا - ئەڵمانی - ژ - ١٧٨١٦ - ١٧ بار - کارەبایی.
١١ - ئامێری جیتا بۆ دروستکردنی شرحی جام / یەڵماز - تورکی ژ - ١٨٥٣ - کارەبایی .
١٢ - ئامێری چاککردنی تولی ڕاست و ڕاگرتنی جام - جۆری - ڕۆتۆ / ئەڵمانی - ژ - ٢١٧٦٠٣٥ .
١٣ - مێزی کۆکردنەوە و گواستنەوەی بەرهەم / دەستی ژ - ٢٠٨٥ .
سۆران یادگار ڕشید/ دادنووسی یەکەمی
فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی / ٢
٢٠٢٠/١/٢٣
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:٢٢٧/ج٢/٢٠٢٠
ڕێکەفتی:٢٠٢٠/١/١٥
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (زیرفان شریف صدیق)
ئاگەهدارکرن
ئەوا بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٢٢٧/ج٢/٢٠٢٠) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن نزارکێ ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی نافخۆیی، دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٢/٢٧ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێقەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:٢١٥/ج٢/٢٠٢٠
ڕێکەفتی:٢٠٢٠/١/١٥
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (جوتیار کریم محو)
ئاگەهدارکرن
تەوی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٢١٥/ج٢/٢٠٢٠) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهی پۆلیسێن نوروز ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی نافخۆیی، دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٢/٢٧ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێقەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:٣٠٨/ج٢/٢٠٢٠
ڕێکەفتی:٢٠٢٠/١/١٥
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (عبدالله اسعد سلیمان)
ئاگەهدارکرن
تەوی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٣٠٨/ج٢/٢٠٢٠) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل نڤیسینگەها سەختەکاری و دزینا ترومبێلا) لەسەر ماددێ (٢٩٢/ یاسا سزای) ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی نافخۆیی، دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٢/٢٧ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێقەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
***
دادگەها کەتن دهوك
ژمارە:١٧٦/ج٢/٢٠٢٠
ڕێکەفتی:٢٠٢٠/١/١٤
بۆ تۆمەتباری ڕەڤی (نیوار حسن علی)
ئاگەهدارکرن
تەوی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (١٧٦/ج٢/٢٠٢٠) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل ڕێقەبەریا بەرهنگاربوونا توندوتیژی دژی ئافرەتا ل پارێزگەها دهوکێ/ نڤیسینگەها دهوك) لەسەر ماددێ (٧/ یاسا بەرهەنگاربوونا توندوتیژی دژی ئافرەتا) ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بڕیار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن ڕێکا بەلاڤکرنێ دوو ڕۆژنامی نافخۆیی، دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا ڕوژا ٢٠٢٠/٢/٢٦ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە ڕێقەبرن ل دویڤ یاسایێ.
دادوەرێ ئێکێ/ عصمت کولیك اسماعیل
***
دادگەها تاوانێن دهوکێ/١
ژمارە: ٤٨١/ج/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠٢٠/١/١٣
ئاگەهداری
بو/ دادگەهکریێ پاشملە (مراد عبو اسماعیل)
ڤێ دادگەهێ بڕیار ل سەر تە دا ب زیندانکرنێ بۆ ماوێ شەش سالان ل دویڤ مادەێ ٤٤٣ یاسا د کێشا ژمارە ٤٨١/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل نڤیسینگەها داسنیا ب ژمارە ٢٠١٨/٦٩ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن نافخۆیی و هەوە مافێ نەرازیبونێ یێ هەیە ل سەر بڕیارا بریارا پاشملە ل دەمێ شەش هەیڤان ژ ڕێکەفتنا ئاگەهدارکرنا تە ب ڕێکا بەلاڤکرنێ ل دوو ڕۆژنامێن نافخۆ و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ ل جهێ بڕیارا حازربونێ بیت.
دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری
سەرۆکێ دادگەها تاوانێن دهوك/١
***
دادگای بەرایی دوکان
ژمارە: ٢١
بەروار: ٢٠٢٠/١/١٩
لێژنەی بەکرێدانی کۆشکی ژمارە (٤)ی سکاڵانوسەکان
ئاگاداری
نامازە بنووسراوی بەڕێز ئەنجوومەنی دادوەری/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی ژمارە (٢٩١٣/٤) لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١١ دادگای بەرایی دوکان هەڵدەستێت بە بەکرێدانی کۆشکی ژمارە (٤)ی سکاڵا نووسان بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە (٣٢)ی سانی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە کە مۆڵەتی سکاڵانووسی پێدرابێت باپەیوەندی بکات بەم لیژنەیەوە وە بارمتەی یاسایی ٢٠٪ لەسەدا بیستی کرێی خەملێنراو لەگەڵخویدا بهێنێت وە بەرواری زیادکردنەکەش دەکەوێتە دوای یەکەم ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەدا بە (٣٠) ڕۆژ کەوا لە کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ لەبینای دادگای بەرایی دوکان ئەنجام ئەدرێت.
سەرۆکی لیژنە/ سۆران رسول عبدالله
٢٠٢٠/١/١٩
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠٢٠/١٤
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٢
ئاگاداری
بۆ/ شیراز بکر محمود
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (شاکر کریم حیدر) کە بڕی (٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە. ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە
***

DNO
EST - 1971

Job Title	Operations Drilling Engineer
Work Location	Dubai Office

Job Summary:

The Operations Drilling Engineer is responsible for well engineering and operations support for one or more rigs including preparing Basis of Designs, Drilling Programs and Procedures, AFE's and End of Well Reports as well as input to Well Proposals.

Please read more on the job responsibilities on our website

Required Qualifications & Experience:
- The Operations Drilling Engineer must have a Bachelors or Masters degree in a relevant subject, preferably Petroleum Engineering.
- Minimum of 15 years' experience in Drilling Engineering with proven success in a relevant Drilling Engineer role.
- Competent user of Landmark drilling engineering software
- Experienced with MPD and UBD operations.
- Familiar with Well Integrity concepts including application of NORSOK D010.
- Experienced in onshore operations

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

Job Title	Supply Chain Lead Procurement
Work Location	Erbil office

Job Summary:

Undertake and execute day-to-day operational supply chain activities in support of DNO's, operations in Kurdistan from conception to close out. Develop, compile and execute Expressions of Interest, pre-qualification exercises, draft sourcing strategies, prepare invitation to tenders, attend sealed bid tender openings and evaluation of tenders received, including detailed analysis of commercial and qualifications and execution of PO. Ensure all materials are procured at the best price and delivery terms and in full compliance with DNO Procurement Procedures and JV requirements. Lead the department staff for the Business Unit (BU) and report to Supply Chain Manager any deficiencies or complications.

Please read more on the job responsibilities on our website

Required Qualifications & Experience:
- Minimum 15+ years relevant oil & gas sourcing experience, with at least 10+ years international working experience as Supply chain lead with IOC(s)
- Formulation and evaluation experience in a cross section of complex packages including; production, maintenance, construction, logistics, drilling
- Complete and demonstrable understanding of significant legal and commercial issues
- Demonstrable skills & experience in, procurement, materials management & logistics for drilling, production & projects and facilities;
- Engineering Degree or BA/MBA in relevant discipline
- Awareness of Best Practices in corporate and project supply chain procedures;
- Preference for CIPS or RICS (or equivalent) certification.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

هەڵبژاردنەکانی فەلەستین لەنێوان ناجۆری و مەحاڵدا





نەبیل عەمر


قسەوباسەکان لە بارەی هەڵبژاردنەکانی گشتیی فەلەستین کزبوو، دوای ئەوەی لە هەفتەکانی پێشوودا زۆر گەرم و گوڕ بوو، ئەوەش بۆ چەند فاکتەرێک دەگەڕێتەوە، کە هەندێکی دیارە و هەندێکشی نادیارە. ئەوەی دیارە، دڵنیا نەبوونە لەوەی ئیسرائیل ڕێگە بەوە دەدات، هەڵبژاردنی فەلەستینی لە قودسی ڕۆژهەڵات بکرێت، ئەوەش بە هۆکارێک، بۆ دەرنەکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی بۆ ئەنجامدانی دانرا.

ئەوەی نادیارییشە، ئەو ترسەیە کە بە خەیاڵی چینی سیاسەتکار دادێت، لەوەی چیتر هەژموونە بە میراتەکەیان بڕەوێتەوە، کە ڕەوایی و پشت بەستنە دەمگۆییەکەی، بۆ سەردەمێک دەگەڕێتەوە، کە لە مێژە تەواو بووە، چونکە ئەو تیرانەی پێگەی خۆیان لە سەرکردایەتی ڕێکخراوی ڕزگارکردن و دەسەلات گرتووە، نایانەوێت بچنە نێو تاقیکردنەوەی بەهێز، کە باش دەزانن خۆیان تاکە دۆڕاوی دەبن، ئەو تیرانەش کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، بەختی خۆیان تاقی کردەوە و ئەنجامی خراپیان بەدەستهێنا، تەنیا ئەوان نین کە هەڵبژاردنیان ناوێت، بەڵکو هەڵوێستی هاوشێوەیان لەلای هەندێ دەست ڕۆیشتوولەنێو دوو ڕەوتە سیاسییە گەورەکە (فەتح و حەماس)یشدا هەیە، ئەوەش ئاراستەیەکی کاریگەریی داهێناوە، کە گومان لە سوودی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی دەکات و، دەمگۆیی بۆ جێگرەوەی خاوەن قەپێلکی (شکۆمەند) دەکات، وەکو وتەی، هەڵبژاردن بێ کۆتایی هێنان بە دووبەرەکی، دەبێتە هۆی کەترەبوونی، وەکو ئەوەی سێزدە ساڵ لە گەورەکردنی، نەبووبێتە هۆی کەترەبوونی، زێدەباری قۆستنەوەی ناجۆری هەڵوێستی ئیسرائیل تاکو ئێستا، ئایا ڕێگە دەدات هەڵبژاردن لە قودس بکرێت، وەکو هەنجەتێک کە پشتیوانی لە بیرۆکەی ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنەکان دەکات، لە هەر شوێنێک لەسەر خاکی ژێر دەسەلاتی نیشتمانیدا بێت. وەکو شتێکی بابەتیانە، هەڵبژاردنەکانی گشتیی فەلەستینی، بە دوو مەرج هەڵواسرا، کە یەکیان ناجۆرە و ئەوی دیکەشیان مەحاڵە، چونکە بەستنەوەی هەڵبژاردنەکان، بە ڕێگەدانی ئیسرائیل بە ئەنجامدانی لە قودس، وای لەو هەڵبژاردنە کرد، کە دەبوو کاروبارێکی تەواو فەلەستینی بێت، بکەوێتە ژێر باری، چاوەڕانکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئیسرائیلی. لە ئێستاوە لەوانەشە تاکو کۆتایی گەڕی سێیەمی هەڵبژاردنەکان، دەرچوونی بڕیارێکی ئیسرائیلی ڕوون، بە شتێکی دوور دابندرێت، چونکە کێ هەیە لە ئیسرائیل، سەرکێشییەک بکات، کە هەردوو ڕکابەرە سەرەکییەکە، بە کەمکردنەوە لەو دەستکەوتە جۆرییە دەگمەنەی دادەنێن، کە ئیسرائیل بەدەستی هێناوە، ئەویش دانپێنانی کارگێڕییەکەی ترەمپە، بەوەی قودس پایتەختی ئیسرائیلە، ئەو دانپێنانەش لە گۆڕێدا نەبوو، ئەو دەمەی حکوومەتی ئیسرائیل، دووجار ڕازی بوو، خەڵکی قودس بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی گشتیی فەلەستینیدا بکەن. ئەوەی شتەکەشی زیاتر ناجۆر کردووە، ئەگەڕەکانی ڕاگەیاندنی دەستەواژەی سەدەیە، ڕاستەوخۆ پێش یان دوای هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیل، چەند بڕگەیەک لە خۆ دەگرێت، کە وا دەکات ئەستەم بێت، هیچ حکوومەتێکی ئیسرائیلی، ڕازی بێت و ڕێگە بە بەشداریکردنی خەڵکی قودس، لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستینی بدات، مەگەر وای دابنێین، کارگێڕی ترەمپ گوشار دەخاتە سەر ئیسرائیل، هەمان شتی دوو جاری پێشوو دووبارە بکاتەوە، ئەو ئەگەڕەش بۆ کارگێڕییەک مسۆگەر نییە، کە بیری لە ئەبودیس وەکو پایتەختی جێگرەوە بۆ فەلەستینییەکان دەکاتەوە. ئەوە سەبارەت بە لایەنە ناجۆرەکە، هەرچی لایەنە مەحاڵەکەشە، بەستنەوەی هەڵبژاردنەکانە- وەکو هەندێ دەست ڕۆیشتوو دەیخەنە ڕوو-بە کۆتایی هێنان بە دووبەرەکی لە پێشدا، ئەوەش ڕەتکردنەوە ئەو وتەیەیە، کە دەڵێت، هەڵبژاردنەکان کە هەمووان لەسەری ڕێکەوتوون، دەبێتە هەنگاوێکی بنەڕەتی بۆ گێڕانەوەی یەکڕیزیی. ئەوەی ئێستا سەرنج دەدرێت، تەنیا قسەکردن لەسەر کۆتایی هێنان بە دووبەرەکی، کەس باسیشی ناکات، ئەو هەوڵانەشی لەلایەن ناوبژیکەرانەوە دەدرا، بەهەمان گەرم و گوڕی جاران نییە، مانای وایە، دووبەرەکی لە ڕووی سیاسیی و کردەییەوە، بووەتە جیا بوونەوە، گفتوگۆیەکانی هێمنکردنەوەی نێوان حەماس و ئیسرائیلیش، بەو ئاراستەیە دەڕوات. کەواتە دەرفەتەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی، بە شێوەیەکی بەرچاو کز بووە، بەڵام ئەوەی سەرنج ڕاکێشە، دەرکەوتنی ئەگەری جێگرەوەیە، لە بارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنەکان لە قودس نا، بەڵکو لەبارەی ڕەتکردنەوەی بیرۆکەکە لە بنووبڕتکەوە، ئەوەش بە چاوپۆشین لە ئەنجوومەنی یاسادانانی هەڵبژێردراو و گۆڕینەوەی بە ئەنجوومەنێکی دیاریکراو، کە بە هەموو شێوەیەک خۆبەندیی بۆ سەردەمی تیرەکان هەیە، ئەو چاپۆشینەش لە حکوومەتی دەسەلاتداریەتی، لێژنەیەکی جێبەجێکاری بە دوادا دێت. کاتێک بە وردی دیقەت لە جێگرەوەکان و شایستەییان دەدرێت، لەوەی بنەڕەتی جێگرەوەی هەڵبژاردنەکانی گشتیی و دامودەزگاکانی دەسەلات، ئەو دەم باوەڕ بەو پەندە دەکەیت کە دەڵێت: لەبەر گەرمای بیابان پەنا بۆ سێبەری ئاگر دەبات.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە:
www.aawsat.com

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1837:
میشیگن بوو بە ویلایەتی ژمارە **26**ی ئەمەریکا.



سالی **1939**:
بە یارمەتی ئیتاڵیا،هێزەکانی سەر بە فرانسیسکۆ فرانکۆ بەرشلۆنەیان داگیر کرد.



سالی **1942**:
بە مەبەستی بەشداربوون لە جەنگی دووەمی جیهان، هێزەکانی ئەمەریکا گەیشتنە ئێرلەندای باکوور.



سالی **1981**:
سینا و عەریش گێڕدرانەوە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی ئەوکاتەی میسر.




سالی **1994**:
لە سیدنی ئوستڕالیا ، کەسێک چەند گوللەیەکی دەنگیی ئاراستەی چارلزی میری وێڵز کرد.



سالی **2005**:
کۆندالیزا رایس وەک یەکەم ئافرەتی بە ڕەچەڵەک ئەفریقی وەک وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سوێندی یاسایی خوارد.

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/1/26 ژمارە (5918)
خەبات



ئادۆلف هیتلەر

ساڵی 1921 ئادۆلف هیتلەر سەرکردایەتی پارتی نازی گرتە دەست و لە ساڵی 1933و دوای وەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ لە هەڵبژاردنەکاندا، پارتی نازی بڕیاری پێکهێنانی حکوومەتی دا.لە سەرەتای گەیشتنی نازیەکان بە دەسەڵات ، هیتلەر هەوڵی سەپاندنی بنەماکانی نازیەتی دا بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا، لەمەشدا پشتی بە تیرۆر و ترساندن بەست.
کاتێکیش لە ساڵی 1934هیندنبۆرگی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد، هیتلەر خۆی کرد بە سەرۆکی وڵات (فوهرەر).
لە راستیدا نازیەکان باوەڕیان بە کۆمەڵێک بنەما هەبوو لەوانە: پاکی ڕەگەزی ئاری و پیرۆزیی ئەڵمانیا و خۆشەویستی هیتلەر تا ئاستی پەرستن.لە سەرەتاشدا ئەم پارتە بە مەبەستی پروپاگەندەکردن و کۆکردنەوەی پشتگیری جەماوەر پەنای بردە بەر بەکارهێنانی چەندین ڕێگە، لە نێویاندا سازکردنی کۆبوونەوەی جەماوەریی گەورە و بەکارهێنانی بڵندگۆ لە شوێنە گشتیەکان.

هۆڵۆکۆست... فوهرەر میللەتێکی سووتاند!

ئا : هەندرێن شێرزاد .

زۆرن ئەو کارەساتانەی لە ڕابردوودا لەژێر بیانووی جۆراوجۆر و لەلایەن کەسانێکەوە بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنراون کە خۆیان بە سەرکردە و ڕابەری گەل و میللەتان لە قەلەم داوە، ئەوان ئەگەرچی سەری زمان و بنی زمانیان باسکردن بووە دەربارەی کارکردن بۆ پێشخستنی گەل و میللەتانیان و بەهێزکردنی پێگەی وڵاتانیان ، بەڵام لە زۆربەی حالەتەکان ئەمە لەسەر حیسابی گەل و میللەتانی تر بووە. ئەمڕۆش دوای تێپەڕبوونی زەمەنێک ئەو جۆرە کەسانە تەنانەت لەلایەن خەڵکی خۆشیان نەفرەتیان لێ دەکرێ.

1

دەربارەی مانای وشەی هۆڵۆکۆست

وشەیەکی یۆنانییە و لە بنەڕەتدا مانای قوربانیدان لە ڕێگەی سوتاندن دەبەخشێ ، وشەکە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو کۆمەڵکوژیە بەکار هێنرا کە نازیەکان لە دژی جولەکە ئەنجامیان دا.
بە تەنیا جولەکە قوربانی ئەو کۆمەڵکوژیە نەبوون ، بەڵکو قەڕەج و هاوڕەگەز و سلاڤ و ڕەشپێست و پەککەوتەکانیشی گرتەوە. ئەوانەش کە دژی هیتلەر و ڕژێمەکەی وەستانەوە، دوو چارەنووسیان هەبوو : کوشتن یان کارکردنی بەزۆر.
وشەی نازی کورتکراوەی پارتی کرێکارانی نەتەوەخوازی سۆسیالیستی ئەڵمانیە.
نازیەکان وەک ئاماژەدان بۆ پلانی کوشتنی جولەکە بڕگەی دوایین ڕێگەچارەیان بەکار هێنا.

زنجیرەی تاوانەکان

لە 1ی ئەپریلی 1933 نازیەکان لە ڕێگەی پەراوێزخستنی ئەو کۆمپانیا ئەڵمانیانەی لەلایەن جولەکەوە بەڕێوە دەبران یەکەم قۆناغی چەوساندنەوەی جولەکەی ئەڵمانیایان دەست پێکرد.
لە 15ی سێپتەمبەری 1935ژمارەیەک یاسا لەژێر ناوی (یاساکانی نۆرمبێرگ) ڕاگەیەنران کە بوونە هۆی دوورخستنەوەی جولەکە لە ژیانی گشتی ، یەکێک لەو یاسایانە تایبەت بوو بە وەرگرتنەوەی مافی هاوڵاتیبوون لە جولەکەی ئەڵمانیا و قەدەغەکردنی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی لەگەڵیان. لە ڕاستیدا ئەم یاسایانە سەرەتای زنجیرەیەک یاسای دیکە بوون کە لە لایەن حکوومەتی نازیەوە لە دژی جولەکە دەرکران.
لە ساڵانی دواتردا پارتی نازی ئەڵمانی ژمارەیەک یاسای دیکەی دەرکرد، لە هەندێکیاندا باس لەوە کرابوو کە جولەکە بۆیان نیە تەنانەت ڕوو بکەنە باخە گشتیەکان و دەبێ هەموویان لە کارە حکوومیەکان دەربکرێن .بە گوێرەی هەندێک یاسای دیکەش، جولەکە ناچار کران کە مووڵک و مااڵ و سامانیان تۆمار بکەن، هەروەها پزیشکە جولەکەکان بۆیان نەبوو جگە لە جولەکە پشکنین بۆ هیچ نەخۆشێکی دیکە ئەنجام بدەن.
لە شەوی 9لەسەر 10ی مانگی نۆڤەمبەری 1938 نازیەکان پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی توندوتیژیی لە دژی جولەکەکانی نەمسا و ئەڵمانیا و ئەم شەوە بە شەوی کریستاڵ یان شەوی شووشە شکاوەکە ناسرا و تیایدا دەست بە تااڵنکردنی موڵک و مااڵ و پەرستگا و دوکانی جولەکە کرا و زیاتر لە 30هەزار جولەکەش دەستگیر کران و ڕەوانەی سەربازگەی تایبەت کران.
دوای بەڕیابوونی جەنگی دووەمی جیهان لە ساڵی 1939، نازیەکان فەرمانیان بە هاوڵاتیانی ئەڵمان کرد کە نیشانەی ئەستێرەی زەردی داود لەشانیان ببەستن بۆ ئەوەی لە جولەکە جیا بکرێنەوە.

(جیتۆ) یان گەڕەکی جولەکان

هاوکات لەگەڵ بەڕیابوونی جەنگی دووەمی جیهاندا، پارتی نازی ژمارەیەک شوێن و شاری دیاریکراویان بۆ جولەکە دەستنیشان کرد و ناویان لێ نرا جیتۆ یان گەڕەکی جولەکان.
ئەوان ناچار کران شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێ بێڵن و ڕوو بکەنە ئەو گەڕەکە دەستنیشانکراوانە، لەوێش ناچار کران کە لەگەڵ چەند خانەوادەیەکی دیکە لەناو شوقەیەکی بچووکدا بژین.
سەرەتا دەرگای هەندێک لە گەڕەکە جولەکەنشینەکان کراوە بوون و ئەوان بە خواستی خۆیان هاتوچۆیان دەکرد ، بەڵام دەبوایە لەگەڵ لێدانی زەنگێکی تایبەت بگەڕێنەوە شوێنەکانیان، بەڵام دواتر حکومەتی نازی هەموو ئەو دەرگایانەشی داخست و شوێنەکە بوو بە بەندیخانەی گەورە.
ژمارەیەکی زۆر کەمی گەڕەکە جولەکەنشینەکان لەناو شارە گەورەکانی وەک بیالیستۆک و کۆڤنۆ و لودز و مینسک و ریگا و ڤیلنا و وارسۆ بوون.
گەورەترین گەڕەکی جولەکەنشین لە شاری وارسۆ بوو کە 445هەزار جولەکەی دەگرتەخۆی.
لە هەر یەکێک لەم گەڕەکانە، حکوومەتی نازی ئەنجوومەنێکی جولەکەی پێکهێنا و ئەم ئەنجوومەنە تایبەت بوو بە جێبەجێکردنی دوو شت : جێبەجێکردنی فرمانەکانی حکوومەتی نازی و ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆ و بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی گەڕەک.
لە قۆناغی داهاتوودا و لە ڕێگەی جێبەجێکردنی زنجیرەیەک هەڵمەتی ڕاگواستنەوە، حکوومەتی نازی گەڕەکە جولەکەنشینەکانی چۆل کرد و ڕۆژانە لە ڕێگەی شەمەندەفەرەوە هەزاران کەس ڕەوانەی سەربازگەکان دەکران.
بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندن و هاندانی جولەکە لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکە، حکوومەتی نازی پێی ڕادەگەیاندن کە ئەوان بە مەبەستی کارکردن دەگوازرێنەوە شوێنی دیکە.
کاتێک حکوومەتی نازی بڕیاری کوشتنی ئەو جولەکانەی دا کە لە گەڕەکەکان مابوونەوە، گەڕەکەکانیان وێران کرد و ئەوانی تریان لە ڕێگەی شەمەندەفەرەوە گواستەوە هەمان ئەو سەربازگانە.
لە 13ی ئەپریلی 1943 حکوومەتی نازی بڕیاری تەختکردنی جیتۆکەی ناو شاری وارسۆی دەرکرد و ئەو جولەکانەش کە مابوونەوە ، هەوڵیان دا دژی بڕیارەکە بوەستنەوە و شەڕ لە نێوان ئەوان و نازیەکان بەرپا بوو و 28ڕۆژی خایاند.

جیاکردنەوەی بەندکراوان

بەندکراوانی نێو سەربازگەکان ناچار کرابوون هێمای تایبەت لەخۆیان ببەستن وەک جیاکردنەوەیان لەڕووی ڕەگەز و هۆکاری دەستگیرکردنیان، هێماکان لەسەر شێوەی سێگۆشەی سەرەوژێری جۆراوجۆر بوون و لە قوماش دروست کرابوون، سێگۆشەکانیش بەم شێوەیە دابەش کرابوون:
هێمای ڕەش: تایبەت بوو بە پەرتەوازەکان و ئەوانەی بە ڕەگەز دەگەڕانەوە بۆ هیند و پاکستان و قەڕەج و ئەو ئافرەتانەش کە لەبەر هۆکاری خۆڕەوشت یان هاوڕەگەزبازی دەستگیر کرابوون.
هێمای سەوز: تایبەت بوو بە تاوانباران.
هێمای پەمەیی: تایبەت بوو بەو پیاوانەی کە هاورەگەزباز بوون.
هێمای وەنەوشەیی: تایبەت بوو بە شایەتحاڵەکانی یەهوە.
هێمای سوور: تایبەت بوو بە بەندکراوانی بەرهەڵستکار و شیوعیەکان.
دوو هێمای زەرد: تایبەت بوو بە جولەکە.
هێمایەکی زەرد و یەکێکی ڕەش: بۆ بەندکراوانی ڕەگەزی ئاری، ئەوانەی نزیکی خوێنیان لەگەڵ ڕەگەز و گرووپە نەخوازراوەکان هەبوو.



هۆڵۆکۆست لەبەرچی؟

ئادۆلف هیتلەری سەرکردەی نازیەکان کە لە نێوان ساڵانی 1933تا 1945دەسەڵاتی ئەڵمانیای بەدەستەوە بوو، پێی وابوو جولەکە هۆکاری سەرەکی شکستی وڵاتەکەی بوون لە جەنگی یەکەمی جیهان ، بۆیە بڕیاری دا تۆڵەیان لێ بکاتەوە.بڕیارەکەشی جێبەجێ کرد و لە ساڵی 1939واتە لەگەڵ بەڕیابوونی جەنگی دووەمی جیهان تا کۆتاییهاتنی جەنگەکە لە ساڵی 1945کارەساتێکی گەورەی بەسەر جولەکەدا هێنا و لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لە ڕێگەی گرتنەبەری شێوازی جۆراوجۆرەوە زیاتر لە 6ملیۆن کەسی جولەکەی لەناو برد. لەو بارەوە ماڵپەڕی (ئەباوت) ی ئەمەریکی سەبارەت بە هۆڵۆکۆست ئاماژەی بە ژمارەیەک ڕاستی داوە کە بەشێکی جیهان ئاگاداری نین کە ئەمانەن:
هۆڵۆکۆست لە ساڵی 1933دەستی پێکرد، واتە لەو کاتەی ئادۆلف هیتلەر دەسەڵاتی ئەڵمانیای گرتە دەست و ساڵی 1945، واتە دوای شکستهێنانی نازیەکان لەلایەن هێزی هاوپەیمانان کۆتایی هات.

نووسەر و وەرگێڕ شەماڵ ئاکرەیی:

ئەگەر ڕەوشی خوێندنەوە وا بڕوات و فەیسبووک تاکە سەرچاوەی مەعریفە بێت، نەوەی داهاتوو نەوەیەکی نەخوێندەوار دەبێت




دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

شەمال ئیسماعیل دەروێش ،ناسرو بە(شەمال ئاکرەیی) لە ساڵی 1992ی بەکالۆریۆسی لە ئەدەبیاتی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی مووسڵ وەرگرتووە.لە ساڵی 2008بووە بە بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی کوردستان ژ ئاکرێ.لە ساڵی 2009گۆڤاری (سیپە) وەکو ئۆرگانی لقی 9دەرکرد و 70ژمارە لێ دەرچوون.لە ساڵی 2013وەکو ئەندامی شاندی ڕاگەیاندنی هاوبەشی پارتی و یەکێتی لەسەر داوای پارتی کومەنیستی چین، بەشدار بووە.



لە ئەورووپا پێش ئێمە تەکنەلۆژیا و نێت پێیان گەییشتبوو و تا ئێستا نەبووە جێگرەوەی کتێب چونکە کتێب و خوێندنەوە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵیاندا دەژیت





وەرگێڕان، پێش ئەوەی گواستنەوە و گەیاندن بێت نێوان دوو کەلتوور و زماندا، زانستە چونکە وەرگێڕ دەبێت زانستی زمانەوانی و ڕێزمان ودەروونزانی و مێژوو و جوگرافیا و کۆمەڵناسی و.. زۆر شتیتر بزانێت.

ئینگلیزیبیە وە بۆ سەر زمانی شرینی کوردی وەرمگێڕاون.

*** بە چ وەرگێڕەکی کوردی و بیانی سەرسامی و لەبەرچی ؟**

من لە ساڵی هەشتاکانەوە کتیبی وەرگێڕاو دەخوێنمەوە، و کەس نیە ڕۆڵ و ماندووبوونی وەرگێڕە بەلیمەتەکانی کورد نەزانێت وەکوو: هەژار موکریانی، ئەحمەدی قازی، شکۆر مستەفا، حەمە کەریم عارف، محەمەد کەمال، ئازاد بەرزنجی ...هتد کە لیستەکە درێژە، و لە بادینانیش سەلاح سەعدوللا، د. بەدرخان سندی، لەزگین چالی، حەسەن سلێڤانەیی، هزرڤان، د، نافع ئاکرەیی، موحسین قوچان، سامی ئەلحاج، و ژمارەیەکی گەنجی خوێن گەرمیش هەیە دەستیان بە وەرگێڕان کردووە و ئیشی باشی دەکەن.ئەم وەرگێڕانە، چ ئەوانەی کۆن و ئەوانەی نوێ، توانییانە پردێک نێوان کورد و کەلتوری مللەتانی دیکە دروست بکەن و نامەیەکی پیرۆز و جوان بگەیینن.

*** دەربارەی خوێندنەوە و هۆشیاری خوێندنەوەلای تاکی کورد چی دەڵێیت؟**

مخابن، تاکی کورد هەر شتێک دەکات، بەڵام لە خوێندنەنەوە دوورە، هەر هەموومان بوینە سیاسەتمەدار و شرۆڤەکار. خوێندنەوە، مەبەست خوەندنەوەی کتێب و تا رادەیەک گۆڤار و ڕۆژنامەکانە، هەو ێنی دروستکردنی کەسایەتی یە. ئەگەر ڕەوشی خوێندنەوە وا بڕوات و فەیسبووک تاکە سەرچاوەی مەعریفە بێت، نەوەی داهاتوو نەوەیەکی نەخوێندەوار دەبێت لە ڕووی هوشیاری لە هەموو بوارەکاندا.

*** بەپێچونی تۆ چی بکرێت باشە هەتاخوێندنەوە بەکلتورییکرێت؟**

هەتا خوینندنەوە ببێتە کەلتور، دەبێ لە قوتابخانە دەست پێ بکرێت و گرنگی بە نووسەر بدرێت.. لە ئەورووپا پێش ئیمە تەکنەلوژیا و نێت پێیان گەییشتبوو و تا ئێستا نەبووە جێگرەوە کتێب چونکە کتێب و خوێندنەوە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵیاندا دەژیت.

*** ئایا مەرجە وەرگێڕ خوێنەرێکی وردو هەستیار بیت؟**

هەڵبەت، مەرجێکی سەرەکی یە وەرگێڕ لە هەموو شتێکی نوێ ئاگادار بێت نەک لە زانێک کە بۆی وەردەگێڕیت بەڵکو لە زمانی کە لێی وەردەگێڕێت. هەروەها دەبیت وەرگێڕ زۆر بە هەستیاری و وردبینییەوە ڕەفتار لەگەڵ تێکست، ڕستە و برگە و دەستەواژە و وشەکانی و هەتا لە شتە شاراوەکانی نێوان ڕستەکانیش دا، بکات.

*** وەرگێڕان زانستە زیاتر یان مومارسەکردن ؟**

وەرگێران، بەریا گواستنەوە و گەیاندن بێت نێوان دوو کەلتوور و زماندا، زانستە چونکە وەرگێڕ دەبێت زانستی زمانەوانی و ڕێزمان وەدەروونزانی و مێژوو و جوگرافیا و کۆمەڵناسی و.. زۆر شتیتر بزانێت داکو بتوانێت خۆی لە وەرگێڕان بدات، وەرگێڕی بێ زانیاری و دوور لە زانست ناتوانێت ببێتە وەرگێڕێکی باش. بواری زانستی و پراکتیک و ڕۆژانە خۆ دەوڵەمەندکردن بە زانیاری نوێ، وەرگێڕێکی مومارس دروست دەکات.

*** لە کوردستان پرۆسەی وەرگێڕەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟**

ئەوەی ڕاستی بێت، پرۆسەی وەرگێران لە کوردستان بە تایبەتی بە شێوەزاری کرمانجی خواروو (سورانی)، تا ڕادەیەکی باش بەرەو پێشەوە چۆوە لە بەر هەبوونی ناوەند و خانەکانی وەرگێران، بەڵام بەداخەوە، لە دەڤەری بادینان یان وەرگێران بە شێوەزاری کرمانجی سەروو (بادینی)، لەو ئاستەدا نیە، هەرچەندە هەوڵ و کۆششی تاکەکەسی هەیە و هەندێک لایەن وەکو یەکێتی نووسەران و پێش ئێستاش گۆڤاری مەتین و چەند لایەنی بازرگانی تا ڕادەیەک گرنگی بە وەرگێران داوە، بەڵام، نەبوونی لەبەر لایەنێکی پشتیوانی و ناوەندی تایبەتمەند و فیلتەر، پرۆسەی وەرگێران لە بادینان خاو کردووە و باش نیە و لە ئاستی هیوای ئێمە دا نیە.

*** کەموکوڕییەکانی پرۆسەی وەرگێران لە ناو وەرگێڕەکانی هەرێمی کوردستان لە چیدا دەبینێوە. ؟**

کەموکوڕییەکان لە نزمی ئاستی هەندێک وەرگێڕدایە و لە نەبوونی دەزگای تایبەت بە وەرگێران بە تایبەتی لە سنووری پارێزگای دهۆک.

*** بەرهەمەکانی وەرگێڕانی خۆتان بخەنە روو، بۆ ئایندە چ پرۆژەیەکی وەرگێڕانتان لە هزردایە ؟**

من تا ئێستا (5) بەرهەمی وەرگێڕا و دو دیوانی شیعری بە چاپ گەیاندووە، و (8) بەرهەمیتریش ئامادەنە بۆ چاپ، زێدەباری دیان گوتاری هەمەڕەنگ کە لە عەرەبی و سەرکەوتوو دەبێت.

چاپکراوی نوێ

هونەری پیرۆز



کتێبی (هونەری پیرۆز) لە بەرگێکی جوان و 96 لاپەڕە، لە نووسینی حەمە هاشم کەوتە بەر دیدی خوێنەران، نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا دەنووسێت:"ئەم کتێبە هەوڵێکی ئەتنۆگرافیانەیە لە بواری کولتوورناسیدا، تێیدا دەمەوێت تیشک بخەمە سەر لایەنێکی زۆر زیندووی کولتوور وو هونەری کوردی، هەروەها ڕووناکی خستنە سەر هەندێ دیمەنی زۆر دانسقە". کتێبەکە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت وەک: میوزیک و ستران، دەف و شەباب، تەمبوور لە میوزیکی ئیزیدیاتیدا، سەماگێڕان، ڕەنگ لە ئێزیدیاتیدا، تێکستی ستران وەک دیکۆمێنتیکردنی ڕووداوەکان، هێماکانی ئێزدیاتی، نواندن و دەرکەوتەی شانۆیی لە مەراسیمەکاندا، گومبەز (قوبە)ی پەرستگاکان، قەوال- کالۆ، جل و بەرگی ئێزدی، خدر فەقێ. دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین، خەرمان بەرەکەت.

یاسای بنچینەیی کۆماری ئەڵمانیای فیدڕاڵی



کتێبی (یاسای بنچینەیی کۆماری ئەڵمانیای فیدڕاڵی) لە بەرگێکی شایان و بە 216لاپەڕە، کە سالار محەمەد قادر لە ئینگلیزییەوە کردوویەتیە کوردی، کەوتە بەر دیدی خوێنەران، ئەم یاسایە لە 23ی ئایاری 1949 پەسند کراوە، دوایین هەموارکردنەوەیشی لە 13/7/2017بووە، ئەم بەرهەمە بۆ خوێنەری کورد گرنگە، بۆ ئەوەی بزانێت گەلان چۆن دەستووریان نووسیوە و پێیەوە پابەندن، ئێمە کە بەزۆر بە دەوڵەتی عێراقی عەرەبییەوە لکێندراوین، بەدرێژایی ئەو ماوەیە، چەندین جار دەستووری عێراق نووسراوە، بەڵام هەموجار دەستوور هەر بە ناو دەستوور بووە و کاری پێ نەکراوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ سوودی لێ وەربگیرێت، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان کەتا ئێستا دەستووری نیە ،هەروەها گرنگە هەموومان شتێک لەبارەی دەستووری گەلان بزانین، شایانی باسە کتێبەکە بە بەرگێکی شایان بەرگکراوە، لە کۆتایشدا وەرگێڕ فەرهەنگۆکێکی کوردی – ئینگلیزی ڕێکخستووە، دەست خۆشی لە وەرگێڕ دەکەین، خەرمان بەرەکەت.

دەستووری ژاپۆن



کتێبی (دەستووری ژاپۆن) لە بەرگێکی شایان و بە 62لاپەڕە، کە سالار محەمەد قادر لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کەوتە بەر دیدی خوێنەران، دەستووری ژاپۆن لە 3/ 11/1946ڕاگەیاندراوە لە 3/5/1947بەرکارا بووە، ژاپۆن دوای جەنگی دووەمی جیهان هەنگاوی گرنگی هەڵێناوە تا بە ئەمڕۆ گەیشتووە کە ولاتێکی پێشکەوتووە، بۆیە وەرگێڕانی دەستووری ئەو ولاتە بۆ زمانی کوردی کارێکی باشە، وەرگێڕ لە کۆتایی کتێبەکەدا فەرهەنگۆکێکی کوردی – ئینگلیزی ڕێکخستووە ،دەست خۆشی لە وەرگێڕ دەکەین خەرمان بەرەکەت.

دوڕە

بە جیاواز دەرکەوتەوە

دورە زەروق هونەرمەندی دەرکەوتوویی میسری کە خاوەنی چەندین فلیمی سنەماییە و ناوبانگێکی زۆری دەرکردووە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ئاهەنگی لە دایکبوونی خۆی گێڕاو ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی بانگهێشت کردبوو، دورە لەم ئاهەنگەدا بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دەرکەوت کە بووە مایەی سەرنج ڕاکێشانی زۆری میدیاو هەواداڕانی. دورە لەم بۆنەیەدا دووپاتی کردەوە کە چەندین پرۆژەی هونەری لەبەر دەستدایە و لە ماوەی داهاتوو ڕەزامەندی لەسەر بەشداری کردن لە چەند فلیم و زنجیرەیەکی درامی دەدات.

لەیاریيەکانی خولی نایابی کوردستاندا:

کلاسیکۆی دهۆک و هەولێر بەیەکسانبوون کۆتایی هات

هەندرێن دوور لەیاریگای خۆی لەپێشمەرگەی سلێمانی بردەوە



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

لەگەڕی سێزدەی خولی نایابی کوردستان چەندین یاری گرینگ بەڕێوەچوو ،لەگرینگترین یاریشدا هەردوو دێربی دهۆک و هەولێر لەیاریگای نێودەوڵەتی دهۆک بەڕێوەچوو ، یاریيەکە لەکەش وهەوایەکی ساردا ئەنجام درا، بەهۆی زۆر باران بارین هەموو یاریگاکە پڕ ئاوبوو ، یاریزانەکان بەشێوەیەکی باش نەیاندەتوانی کۆنترۆڵی توپ بکەن لەنێو یاریگا ، بەڵام یاریيەکە بەڕێوەچوو، یاریيەکەبەیەکسانبوونی هەردوولا بەدوو گۆڵ کۆتایی هات و هەردوو تیپ خاڵێکی یاریيەکەی بەرکەوت.

لەگێمی یەکەمی یاریيەکە هەردوولا بەشێوەیەکی مامناوەندی دەرکەوتن بەتایبەتی کەش وهەوا زۆر ساردو باراناوی بوو ،یاریزانان بەئاسانی نەیاندەتوانی توپ بۆ یەکتر بەئاسانی ئاراستە بکەن، بەڵام زۆری نەبرد و هەر لەخولەکی **13**دا بارزان شێرزاد لەلێدانێکی راستەوخۆدا توانی گۆڵی یەکەم بۆ هەولێر تۆمار بکات و هەولێری بەگۆڵێک پێشخست، دوای ئەم گۆڵە یاریزانی هەولێر پاڵەپەستۆیەکی تەواویان کردبووە سەر گۆڵی خاوەن یاریگا تا گۆڵی دووەمیش تۆمار بکەن، ئەوەبوو لەخولەکی **37**دا یاریزان دانا عوسمان توانی گۆڵی دووەم و متمانە بۆ هەولێر تۆمار بکات و تیپی بەرانبەری بەیەکجاری بێدەنگ کرد ،بەڵام لەگێمی دووەم یاریيەکە پێچەوانەوە بوو ، هەردوو یاریزانی یانەی دهۆک سیامەند عەگیل وخالید موشیر توانیان گۆڵی یەکەم ودووەم لەهەولێر تۆمار بکەن،ئەگەرچی گۆڵی خالید موشیر لەکاتی زیادکراودا تۆمار کرا، بەمشێوەیە یاریيەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەدوو گۆڵ کۆتایی هات و هەریەکەو خاڵێکی یاریيەکەیان بەرکەوت.

لەیاری دووەمیشدا لەیاریگای برایەتی ، هەردوو یانەی برایەتی و پێشمەرگەی هەولێر ڕووبەڕووی یەکتربووەنەوە، یاریيەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەبێ گۆڵ کۆتایی هات و هەردووبانە بەخاڵێکی یاریيەکە رازی بوون، بەم ئەنجامە برایەتی کۆی خاڵەکانی بوو بە **16** خاڵ لەپلەی هەشتەمدا دەبیندرێت ، لەبەرانبەردا یانەی پێشمەرگەی هەولێر بەم ئەنجامە کۆی خاڵەکانی بوو بە **19**خاڵ بەجیاوازی گۆڵ لەگەڵ نەورۆز لەپلەی سێیەمی ڕێزبەندی خولەکەدا جێگیربووە،هەروەها لەیاری سێیەمدا لەیاریگای پێشمەرگەی سلێمانی ، هەندرێن بووە میوانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، یاریيەکە لەبەرژەوەندی تیپی میوان بەئەنجامی **3-0**گۆڵ کۆتایی هات ، یانەی هەندرێن بەم یاریيە سێیەم سەرکەوتنی لەخولەکە لەسەردەستی پێشمەرگەی سلێمانی دەستەبەرکرد، بەم بردنەوەیە هەندرێن کۆی خاڵەکانی بوو بە **15**خاڵ و لەپلەی نۆیەمدایە، لەبەرانبەردا پێشمەرگەی سلێمانی بەکۆکردنەوەی **7**خاڵ لەدواهەمین ڕێزبەندی خولەکەدا دەبیندرێت.

ئەنجامی یاریيەکانی دیکە بەمشێوەیە بوو:

زێرەڤانی **2*2**سۆران
شێروانە **0*0**زاخۆ

لیڤەرپوول چاوی بڕیوەتە ئیسکۆی میرینگی



لیڤەرپوول زۆر بەهێزەوە چووە نێو گفتوگۆوە لەگەڵ یانەی ریال مەدرید بەمەبەستی کڕینی ئیسکۆی یاریزانی هێلی ناوەڕاستی میرینگی. یۆرگن کلۆپ دیپەوێت هێلی بەرگری بەهێزتر بکات، بەتایبەتیش لەوەی چەند یاریزانێکی ئەو هێلەی تووشی پێکان هاتوون، لەنێویاندا شاکیری، فابینۆ، کایتا و جیمس میلنەر، کە ئەمانە بەهۆی پیکانەوە لەم وەرزەدا لەچەندین یاریی یانەکەیان دابڕان. ئیسکۆی تەمەن **27**ساڵ ئەم وەرزە ئاستێکی بەرزی لەگەڵ ریال مەدرید پێشکەش کرد و ئەمەش وایکرد یۆرگن کلۆپ چاوی بخاتە سەر، لەبەرامبەردا قلۆرنتۆ پیریزی سەرۆکی یانەی شاهانە نرخی ئەو یاریزانەی بە **71**ملیۆن یورۆ دیاریکردووە ئەوەی بیەوێت بیکرێت.





ئەنجامی تیروپشکی قۆناغی 16ی جامی ئیسپانیا

بارسێلۆنا – لیگانێس
ریال زاراگوزا – ریال مەدرید
رایۆ ڤایکانۆ – ڤیاریال
میراندێس – سێڤیيا
تێنێریفی – ئاتلێتیک بیلباو
کولتورال – ڤالێنسیا
باداگۆز – گرانادا
ریال سۆسیداد – ئۆساسونا

تێنسزانێکی تونسی

هەمووان سەرسام دەکات بەبردنەوەی لە فۆزنیاکی

ئونیس جابر کچە تێنسزانی تونسی هەمووانی سەرسام و تووشی شۆک کرد، کاتێک لە پاڵەوانێتی ئوستراڵیای کراوەدا توانی لە فۆزنیاکی کچە تێنسزانی پۆلینی یەکەم لەسەر ئاستی جیهان لێی بباتەوە بە ئەنجامی **7-5? 3-6?** **7-5?**کە یاریيەکە زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاند.

جێی باسە ئەو کچە تونسیە لە خولی دووەم بەهەمان شێوە توانی لە جوانا کۆنتی بەریتانی ببات‌ەوە و ئەمەش بۆ ئەو دەسکەوتیکی گەورەیە و ئەمەش یەکەمین جاریيەتی لە کاروانی وەرزشی ئونیس جابر بگاتە قوناغی پێش کۆتایی یەکێک لە چوار پاڵەوانێتییە گەورەکە.



هەمووان ئاهەنگ بۆ نازناوەکەی لیڤەردەگێڕن تەنها کلۆپ نەبێت

زۆربەی ڕەحنەگران، نازناوی خولی ئینگلیزییان بەخشیە یانەی لیڤەرپوول و هەوادارانی ئەو یانەیەش دەستیان بە ئاهەنگ گێڕان کردووە، تاکە کەس کە هێشتا باسی لەو نازناوە نەکردبێت، یۆرگن کلۆپی ڕاهێنەرە، ئەم ڕاهێنەرە دوای **22**بردنەوە لە **23**یاریيدا دەڵێت: هیچ بیر لە بەدەستهێنانی نازناوەکە ناکەمەوە، لەم کاتەدا تەنها بیرم لای ئەوەیە کە یاریيەکانی ماوە چۆن بیانبەینەوە، هەروەها گوتی: لێمانگەڕێن بابەردەوام بین.

دواتر ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوول گوتی: بەراستی ژمارەی خاڵەکانم لەبیر کردووە، من بیر لەو یاریيانە دەکەمەوە کە ماومانە بەرامبەریان یاری بکەین، هەروەها یاریيەکانی جامی یەکیتی ئینگلیزی.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun.26. Jan. 2020 No: (5918)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پایتەختی کوردستان چریکەی مهابادی لەئامێزگرت

لە هەولێر یادی محەمەدی مامڵێ بەرز راگیرا





ئا-هەمزە سەرحان

لە هۆڵی سەعد عەبدوڵا لە هەولێری پایتەختی کوردستان، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە بەرپرسانی حکومی و حزبی و پەرلەمانتاران و ڕێکخراوەکان و هونەرمەندان و هەواداراني دەنگی مامڵێ و خانەوادەی مامڵێ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، لەژێر ناوی (محەمەدی مامڵێ.. دەنگێکی زیندووی هەمو سەردەمێک)، سالیادی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورەی کورد (محەمەدی مامڵێ)ی بە چەند چالاکییەک بەرز ڕاگرت.سەرەتای مەراسیمەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد، ئینجا وتاری بەخێرهێنان لەلایەن (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر پێشکەش کرا و خۆشحاڵی خۆی بە ئامادەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک دەربڕی، کە وەک وەفا بۆ ئەو هونەرمەندە گەورەیە ئامادەی مەراسیمەکە بوونە.

دواتر وتاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەلایەن (د. سالار عوسمان) بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان پێشکەش کرا و تیشکی خستە سەر ڕۆڵ و پێگەی هونەرمەند محەمەدی مامڵێ لە هونەری موزیک و گۆرانی ڕەسەنی کوردیدا. پاشان فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی مامڵێ نمایش کرا.

دوا بەدوای ئەمە خەسرۆ مامڵێ چەند گۆرانییەکی پێشکەش کرد. ئینجا خەڵاتی لۆگۆی زێڕین لەلایەن (د. سالار عوسمان) پێشکەش بە خانەوادەی مامڵێ کرا. هەروەها لەلایەن (ئەحمەد کانی) بەڕێرسی لقی ٢ی پارتی و (بڵند ئیسماعیل) بەڕێرسی لقی ١٦ی پارتی، (هێمن قادر فەقێ عەولا) جێگری پارێزگاری هەولێر، گوڵی دیاری بە نوێنەرایەتی خانەوادەی مامڵێ پێشکەش بە خەسرۆ مامڵێ کرا.

لای خۆشیانەوە بنامەڵەی مامڵێ گوڵی سوپاس و پێزانینیان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر کرد.دواجارهونەرمەند خەسرۆ مامڵێ چەند گۆرانییەک و ،وتاری سوپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و تەواوی ئامادەبووان کرد و مەراسیمەکە کۆتایی پێهات.

فۆتۆ : ڕەوا ئەجات و میران چاوەخاڵ

هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی بزوێنەرێ هزرا کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و سیارچاکێ مەیدانا هونەر و بەرەڤانیێ بوو

سەلاح جەمیل سندی - زاخۆ

هونەرمەندێ جوانەمەرگ (ئەردەوان زاخۆیی) ناڤێ وی یێ تەمام (ئەردەوان عەلی محەمەد)ە ل ڕێکەفتی (**1/7/1957**)ێ ل تاخێ جۆهییان ل باژێرێ زاخۆ هاتییە سەر دونیایێ و تاکو قۆناغا سەرەتایێ خواندییە. ئەردەوان هەر ژ زارۆکینیا خۆ پتر ئەڤێندارێ هونەر و ستران گۆتنێ بوویە و زۆر حەز ژ خواندنێ نەکریە، هەر وەکو دایکا وی دبێژیت: (ب هیچ ڕەنگەکێ من ل زارۆکینیێ ل ئەردەوانی نەدایە، بەڵێ پتر شەڕێ من دگەل ئەردەوانی هەر دەم لسەر خواندن و قوتابخانا وی بوویە). ڤی هونەرمەندی ئێکەم کاسێتا خۆ ل ڕێکەفتی (**23/2/1978**)ێ بەلاڤ کریە و گەلەک کاسێتێن دیڕی بەلاڤکرینە و ل شوباتا سالا (**1979**)ێ ژیانا هەڤژینیێ پێکئینایە و کچ و کوڕەک بنافێ (هۆزان و کۆڤان) هەنە.ئەردەوانی هۆزانێن چەندین هۆزانڤانێن مەزن وەرگرتینە ژبۆ سازکرنا سروود و ستراندا خۆ ژوان ژی: خالص خەلیل، حکمەت مەلا یاسین، عەبدولعەزیز سلێمان، عەبدولعەزیز خەیات، جەگەرخوین، کەمال ڕەمەزان، ئاکرەیی، یوسف ڕەمەزان، عیسا بەستانی، عەبدولڕەحمان حاجی، بەدرخان سندی، سەبری هەمو سالێدی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورەی کورد (محەمەدی مامڵێ)ی بە چەند چالاکییەک بەرز ڕاگرت.سەرەتای مەراسیمەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد، ئینجا وتاری بەخێرهێنان لەلایەن (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر پێشکەش کرا و خۆشحاڵی خۆی بە ئامادەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک دەربڕی، کە وەک وەفا بۆ ئەو هونەرمەندە گەورەیە ئامادەی مەراسیمەکە بوونە.

دواتر وتاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەلایەن (د. سالار عوسمان) بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان پێشکەش کرا و تیشکی خستە سەر ڕۆڵ و پێگەی هونەرمەند محەمەدی مامڵێ لە هونەری موزیک و گۆرانی ڕەسەنی کوردیدا. پاشان فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی مامڵێ نمایش کرا.

دوا بەدوای ئەمە خەسرۆ مامڵێ چەند گۆرانییەکی پێشکەش کرد. ئینجا خەڵاتی لۆگۆی زێڕین لەلایەن (د. سالار عوسمان) پێشکەش بە خانەوادەی مامڵێ کرا. هەروەها لەلایەن (ئەحمەد کانی) بەڕێرسی لقی ٢ی پارتی و (بڵند ئیسماعیل) بەڕێرسی لقی ١٦ی پارتی، (هێمن قادر فەقێ عەولا) جێگری پارێزگاری هەولێر، گوڵی دیاری بە نوێنەرایەتی خانەوادەی مامڵێ پێشکەش بە خەسرۆ مامڵێ کرا.

لای خۆشیانەوە بنامەڵەی مامڵێ گوڵی سوپاس و پێزانینیان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر کرد.دواجارهونەرمەند خەسرۆ مامڵێ چەند گۆرانییەک و ،وتاری سوپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و تەواوی ئامادەبووان کرد و مەراسیمەکە کۆتایی پێهات.

فۆتۆ : ڕەوا ئەجات و میران چاوەخاڵ



هاندا کو بچنە دناڤ شۆڕەشێ و ببنە پێشمەرگە و هندەکان ژوان ژی ب ئێکجاری بریاردان خەبات و خزمەتا گەل و پێشمەرگەیێ خۆ بکەن و هەروەسان ژی دەهان گەنج و لاوێن کورد ژی ب ئەگەرا گوهدانا ڤان سروود و ستراندا نیشتمانی دهاتنە گرتن و ئازاردان و سێدارەدان و شەهید کرن.هەر وەکو (عەبدولعەزیز سلێمان) کو ئێک ژوان هونەرمەندانە کو زۆر ل ئەردەوانی نێزیک بوو و هۆزان و ئاوازێن چەندین ستران بوو وی دانایە دبێژیت: ئەردەوان کورد پەروەر بوو، پێشمەرگە بوو، ب بێ ترس سروود و ستران دگۆتن، دەما کو دچوو سەر دەپێ شانۆیێ هندەک ژ کوردێن خۆفرۆش و بەعسی دگۆتنێ: نەکو ناڤێ کوردستانێ ب ئێنی! بەڵێ ئەوی گۆهێ خۆ نە دا وان و ئێکسەر ناڤێ (کوردستانێ و بارزانی و پێشمەرگەی) دئینا، زۆر جاران ژی لسەر دەپێ شانۆیێ دئیناتنە خارێ و دبرنە بۆ دائیرا ئەمنێ و ئازار ددان، حزبا بەعس زۆر حساب بۆ ئەڤی هونەرمەندێ مەزن و دیار دکر و زۆر جاران ژی ژێ دترسان و ئاهەنگ و هەلکەفتاندا چاڤدێری و دیڤچوونەکا توند لێ دهاتە کرن کا دێ چ جۆرە سروود و ستراننان بێژیت؟ (.هەروەسان ژی هونەرمەندێ موزیکژەن (سەباح زاخۆیی) ژی کو ئێک ژ هەڤالێن هەری نێزیکی ڤی هونەرمەندێ مەزن بوو دبێژیت: (ئەز گەلەک جاران دناڤ هۆلا ئاهەنگێ دا ژ ترسان دلەرزیم و من دگۆت نەکو بەعسی مە بگرن ژبەرکو ئەوان گەلەک دیڤچوون و چاڤدێریا هونەرمەند (ئەردەوان زاخۆیی) و ستراننان وی دکرن و گەلەک جاران ئەم ب زۆری و کوتەکی ژ دەستێن بەعسیان رزگار دبوون، و جارەکێ ئەز کەفتمە دەستێ واندا جەماوەرێ ئەردەوانی ب کوتەکی ئەز ژ دەستێ وان بەعسییێن درندە رزگار کرم (ئەردەوان هونەرمەندەکێ هەمیشە خودان هەلویست و ئازا و چاڤ نەترس بوو، لەورا ڕژێما بەعس بەردەوام دیڤچوون و چاڤدێریەکا تیوند و هویر ل وی دکر، ئەو بوو ل شەڤە زڤستانەکا باژێرێ بەغدا کو دکرە (**26/1/1986**)ێ، بەشداری دیادا دامەزراندنا ئێزگێ کوردی ل بەغدا دبیت و چەندین ستراننان سیاسی و شۆڕشگێری دبێژیت و بێ کو هیچ هزرەکێ بۆ بەعسیان بکەت بەڵێ پشتی ژ ئاهەنگێ ب دوماهیک دئێتێ و دچیتە هۆتێلا (ئەغادیر) و لوێرێ ب مخابنیڤە ژئالیێ کاربەدەستێن ئەمنا بەعسی ڤە دئێتە گرتن و بنچاڤکرن و هەتا نۆکە ژی بێ سەروشوێن و هندایە.

سەلاح جەمیل سندی

بریندارم ژبەر تە وەلات، پێشمەرگە مە، دایێ ئەڤرۆ پێشمەرگەمە، بابۆ - بارزانییێ نەمر مە نەهێلە بێ خودان، دادێ ئەزێ بجەنگم، شۆڕەشڤانین رابووین، کوردم دخوینم، شوڕەش، ئەز بەرنادم خاکێ منە،...) و گەلەک ستراننێن دی کو زۆر جاران لسەر ڤان سروود و ستراننان دهاتە گرتن و ڕوویەڤی دائیرا ئەمنێ و توشی ئازار و ئەشکەنجێ دبوو، ژبەرکو ئەڤان سروود و ستراننان دەنگ و کاریگەرییەکا زۆر مەزن دناڤ جەماوەرێ کوردستانێ دا لسەر دەمێ شۆڕەشا گولانا پێشکەفتنخواز هەبوو بۆ سەر هەستا نەتەوایەتی و نیشتمانی ژبەرکو ئەڤان سروودا و ستراننان گەلەک گەنج و خورتێن کورد بوتانی،...هتد. دیسان ژی چەندین سروود و ستران ب دوو قۆلی دگەل هونەرمەند (ئەیاز زاخۆیی) گۆتینە. ئەردەوان ل سالا (**1981**)ێ دچیتە دناڤ ریزێن پێشمەرگەیێ کوردستانێ دا و دناڤ شۆڕەشێ دا (تیپا شۆڕەش) دگەل چەندین هەڤال و هونەرمەندێن دیتر دادمەزرینت. ئەردەوان پتر ب هونەرمەندەکێ سیاسی و شۆڕەشگێری دئێتە نیاسین و ئەو ژی ب ئەگەرا گۆتنا دەهان سروود و ستراننان لسەر نیشتمان و کوردستان و بارزانی و پێشمەرگەی کو هندەک ژوان سروود و ستراننان وەک (کوردستان بارێ گران، بارکەن ل وارێ مە هەڕن، کوردستانێ دەلالێ، کوردم کوردستان، دایکا کوردستان، بەرخۆدان هەتا سەرکەفتن، ئەی ڕەقیب، ئەی ڕۆژ هەڵهات، ئەی ڕۆژ ئەی ئازادی، ئەی یار ئەی هەڤال